# سەمای روح

## نەوزاد یوسف کاکەیی

کەرکوك - 2011

ناوی کتێب: سەمای روح
بابەت: کورتە چیرۆك
نووسەر: نەوزاد یوسف کاکەیی
پیت لێدان: ئارەزوو نوری
دەرهێنانی هونەری: ئەنجام سەعید
لە بڵاوکراوەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد– لقی کەرکووك ژمارە (113)
سەرپەرشتی چاپ: نەوزاد شێخانی
چاپخانە: کارۆ
چاپی یەکەم– 2011
تیراژ (500)دانە

**لیژنەی سەرپەرشتیاری چاپ**
**بورهان ئەحمەد**
**حەمە سەعید زەنگنە**
**سەباح ئیسماعیل**

# سەمای روح

کات سەرەتای دەستپێکردنی شەوەو کەسێك بە تەنیا لە ژوورێك سەرپۆشێکی سپی سپی وەك چۆڕی شیر ی بە سەریا داوەو چوار مشقی دانیشتووەو تەسبیحێکی زیکری نەوەدو نۆ دانەیی لە دەستدایەو تلی دەدا. ئەم کەسە تەنیا نیە، ئەم کەسە کەس نیە، بەڵکو بووەتە یەکپارچە روح و لە تەنیایی دەرچووەو خۆی تێکەڵ بە هەموو گەردوون کردووە . ئەمە پیشەی هەموو کاتێکی پێش وەنەوزدانێتی و پاشان بەو روحە گەورەیەوە پێشوازی لە بەیانیەکی پیرۆز دەکات .

کات سەرەتای دەستپێکردنی شەوەوکەسێك بە تەنیا لە ژوورێك سەری شووشە با دەداو بە قوڵپە قوڵپ گەرووی پەرداخ تێر دەکات و لێو دەنێ بە لێویەوە تا مەست و سەر خۆش دەبێت، ئەم کەسە تەنیا نیە، ئەم کەسە کەس نیە، یووەتە یەکپارچە روح و لە تەنیایی دەرچووە، هەموو گەردوون لەو پەرداخە کۆ دەکاتەوەو بە هەموو جوانیو دزێویەکەوە رایاندەمووسێو پاشان بەو روح مەستیەوەدەسلەملانی خەونێکی قووڵ دەبێت و چاوەڕوانی بەیانیەکی مەستکەر دەکات .





# سەمای روح

کــــــــــــــــــــــــــات

سەرەتای..........................................

کات .................................

کا ............................

ك ..................

کات سەرەتای دەستپێکردنی شەوەوکەسێك بە تـەنیا لـە ژوورێـك دانیشتووەو گەمە بە وشەی پرشنگدار دەکات . ئەم کەسـە تـەنیا نیە ، ئەم کەسە کـەس نیـە، بووەتـە یەکپارچـە روح وبـە تـرس و دڵەڕاوکـەوە دەس لـە روحــەکان وەر دەدا ،ئـەم کەســە کانگـای روحەکانە، تێکەڵ بە هەموو روحەکانی گەردوون دەبێـت و تـا لـە هەموو گەردێك پاکیان نەکاتەوە دەس هەڵناگرێ ،

کاتـێ دیتی روحەکان ئاسوودەن ،بەو ئاسـودەییەوە پێشـوازی لـە بەیانیەکی پیرۆزو مەستکەرو پڕ مۆسیقاو ......... دەکات .

2011ـ 1 ـ 1





کات سەرەتای دەستپێکردنی شەوەو کەسێك بە تەنیا لـە ژوورێـك کەمانچەیەکی بە دەستەوەیەوگەمە بە ژێکـانی دەکـات ، بـە پێـی ئارەزوو ئاوازی رەنگاو رەنگ دەژەنێ، ئەم کەسە تەنیا نیـە، ئـەم کەسە کەس نیە، بووەتە یەکچارچە روحو لە تـەنیایی دەرچـووە، هەموو گەردوون بەو ئاوازانە دێنێتە سەماو بـە دەم ژەنینـەوە لـە گەڵ جوانترین بوونەوەری گەردوون هەڵدەپەڕێ ، ئـەم کەسـە تـا رووحــی پــاك دەبێتــەوە دەژەنێــو هەڵدەپــەڕێ، هــەر بــەو روح پاکیەوە پێشوازی لە بەیانیەکی پڕمۆسیقا دەکات.

کات سەرەتای دەستپێکردنی شەوەوکەسێك بە تەنیا لە ژوورێك

.................................................................

................................................ ئەم کەسە تـەنیا نیـە

ئـەم کەسـە کـەس نیـە ، بووەتـە یمکپارچـە روح و لـە تـەنیایی

دەرچـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــووە

..............................................................

..............................................................

پێشوازی لە بەیانیەکی ...........................دەکات.

## ئەشکەکانی خۆشەویستی

دۆزینەوەو چنینەوەی گوڵێ بۆ یەخەیەك کارامەیی دەوێ، هەرگیز بڕوام نەدەکرد رۆژێ لە رۆژان لە گوڵێ بگەڕێم بۆ یەخەیەك، لە قوتابخانە پێکەنینم بەو مامۆستا گەنجەمان دەهات کە هەردەم بە چڵە گوڵێکەوە دەبینرا.

من سەودایی کەللە شەقیو جرتێنەو بزێوی لە کەللەم هەڵبەزو دابەزی بوو، نازانم دەستی چ قەدەرێك پەلکێشی ئەم مەینەتیەی کردم، نەبەزی هاوڕێم هەندێ جار ئەو نامانەی بۆ دەخوێندمەوە کە بۆنی گوڵە مێخەك و هەناسەی کچێکی لێوە دەهات دەیگوت لە هەموو وشەیەکا بۆنی هەناسەیەکی دەکەم، هەموو جار تا کۆتایی گوێم بۆ رادەدێرا، من نەمدەزانی بۆ سوکناکی رۆحی پێویستی بەو گێڕانەوەیەیە، نەمدەزانی گرکانێ لە ناخیا پەپکەی خواردووە نەیڕشێنێتەوە قولاپی ژاراوی لە دڵدا گیر دەکاو دەیتاسێنێ. کەچی لە کۆتادا بە دوو وتەی کرچ و کاڵ گیانیم پڕ کەسەر دەکرد.

ئێستا نەبەز لە کوێیە؟! با بێت ئەو دڵۆپە ئەشکانەم بهۆنێتەوەو لە گەردنمی بئاڵێنێ و پێچاو پێچی کردەکانی خۆمم پێ بکات.

ئەو مامۆستا بەڕێزە لە کوێیە؟! با بێت تا پێی بڵێم گەورەم بمبورە نەك گوڵم چنی و نەك گرتم بەدەستەوە، گوڵم پەرست و سەدەها گوڵی جوانم چنینەوەو بە قوربانی بەرۆکێکم کردن.



سەمای روح .................................................. نەوزاد یوسف کاکەیی

# ئەشکەکانی خۆشەویستی

ئەمە وڕێنەی بیمارێکی دەم ئاویلکە نیە، گێڕانەوەی ورد بوونی روحێکە کە  گەفەنگی بە ئاسمان و ڕێسمان دێنا، من سەری خۆمم لە کونی زەردە زیرەکان دەناو بەدیار ڕۆح دەرچوونی مارێکەوە دەبووم بەگارد، گاڵتەم بەو کوڕو کچە کاڵانە دەهات کە بەدەم پەڵمەی گریانەوە باسی ڕەنجەڕۆیی خۆیان بۆ دەکردم، بەوانەی لە پای ڕەنجەڕۆییان هەڕەشەو گوڕەشەی خۆکوشتن و گرفت هەڵتۆقینیان دەکرد.

ڕۆژێ مامۆستایەکمان بەدەس ئیشارەی بۆ کردم و پرسی: ئادەی پێم بڵێ خۆشەویستی یانی چی؟

تۆزێك لە دەم و چاوی ئەو هاوڕێیانەم رامام کە نامەکانیان بۆ دەخوێندمەوەو بە دەم قوڵپی گریانەوە باسی جێماوی و فەرامۆشی خۆیان بۆ دەکردم، بە تەوسێکەوە گوتم: خۆشەویستی یانی لە پیاوەتی کەوتن، یانی بەژن بوون.

وەڵامەکەم جێی واق ورمانی مامۆستاکەم بوو، هەستم کرد هەڵەیەکی گەورەم کردووە، چ وەڵامێکی نەبوو بۆ قسەکانم ئەوەندە نەبێ ئەو ساڵە لەو وانەیەی خۆی دەری نەچواندم.

نەمدەزانی بڵێم مامۆستا خۆشەویستی گەشەیەو توانەوەشە، هەست کردنە بە بۆنەکان، وشە دەکاتە هەناسە، دڵۆپی ئەشك چنینەوەی مرواریە لە بەحرێکی نوقوم تیابوو.

کەسێك لەوانە نازانن کە من ئێستا بەدیار چڵێکی گوڵ قرتاوەوە مرواری دەچنمەوەو هەناسەی وشە هەڵدەمژم و بۆن بە هەموو





بۆنێکەوە دەنێم. نازانن ئێستا بۆ کەسێ دەگەڕێم بە باسێ گرکانی هەناوم کپ بکەمەوەو پێم نەڵێ ئەمە لە پیاوەتی کەوتنە، ئێستا بۆ کەسێ دەگەڕێم تێم بڕوانێ چۆن لەگەڵ هەڵمژینی هەر قومی جگەرەیەك لەتێك لە ڕۆحم بەردەبێتەوە، ببینێ چۆن لە توێی وشەکان گوێ بە مشەی هەناسەیەکەوە دەنێم، کە تەنها خۆم دەیناسمەوە، ببینێ دەرچووی چ وانەیەکی ئەوینی سەیرو سەمەرەیی پەتیارەییمو بۆ مامۆستایەك دەگەڕێم لێم بپرسێ:

کورە هۆو ئادەی پێم بڵێ خۆشەویستی یانی چی؟

تاوەك بت لە حزوریا بوەستم و بەڕێزەوە وەڵامێکی ڕاست و دروستی پێ بدەم و لەناخی دڵیەوە ئافەرینێکی پڕ پۆلێکی خۆشەویستیم بکات.

نە نووسین کارێکی سانایەو نـە خوێندنـەوەش، هـیچ کامێکیشـیان گران نین بەتایبەتی خوێندنەوە، مـن خـۆم لـە هیچیان نەترسـاوم بـەڵام ترسـێنرام، نووسـینێك پێلەقەیـەکی لـە گیـانم دا ، وابـزانم زۆریشـی توانـدەوە، مـن دەزانم نووسـەری چـیرۆك درۆزنـە، بـە دەگمەن شتی راست دەنووسێ.

وێنەکێش وێنەیەك دەکێشێ وەکو فۆتـۆگرافی و بـەڵام چـەند بـۆ خـاوەنی بگـەڕێی هـەرگیز نایدۆزیتـەوە، نووسـینیش وێنەکێشـانە کارێکـە لـەو جـۆرە، خوێنـەری دامـاوی وەکـو منـیش پێـوەی دەتلێتەوەو هەردەم بۆ پاڵەوانەکـەی دەگـەڕێت، مـن بـە نووسـێك تلامەوە، نووسەرەکەی گەلێ ئازاری مـن و چـەندەهای وەکـو منـی پێداوە، جگە لەوەی کە لـە ژیـانی راسـتی و واقعیەکەمانـدا گـەلێ ناهەق بەسەر هەقدا زاڵبووەو مافدار بـێ مـاف خـراوە، کەچـی لـە ژیانی وەهمی چـیرۆکەکانیش هـەروان، جـا بـۆ؟! بـۆ وانـەبێ کـە پێویستە ببێ نەك وابێت کە هەیە؟! بەڵام لەوانەیە مەبەست تـەنها ئەوەبێت کە رایگەیەنین ئێمە واین، کەچی ئێمە لە نێوانی ئاوا یەو نـا وا نیـەدا بـێ سـەرو شـوێنین، باشـە کەوایـە بـۆ وانیـە هەلنەبژێرین؟! بە تایبەتی بۆ ئەم مەبەستە..

کچێك لـە بـەهاری چـواردەمینیدا لـەژێر دەسـتەڵاتێکی لـە توانـای خۆی رادەبەدەر، لە کچێنیان خست و ئـەتککرا، برایـەکی ژیـاوی نێـوان ئاوایـەو ناوانیـەدا هەسـتا بـە نەهێشـتنی ئـەو لەکەیـە بـە نێوچەوانی خۆی و بنەماڵەکەیەوە، بەڵام بێ ویستی خۆی و لەژێر





# د ا د و ةَ ر

## دادوةَر

وای لەو حاڵەتەی منـی تیـا دەژیـام، ئازارێك لـوولی دەدام، ژانێـك وەکو پەروانە دەمیخولاندەوە، خۆزیا سەد خۆزیا ئەو ئـازارو ژانـە جەسـتەیی بووایـە، نـاخم بـووە بورکـانی پرسـیارو بـەڕووی دەتەقیەوە، ئەمەش لە دەرئەنجامی خوێندنەوەوە، بڕواتان بێـت،

حەپەساوم رەنگم ماندوو هەناسە برکێم پـێ کـەوتبوو، رووی لـێم کردو وتی–چیتە؟ زمـانم تەتەڵـەی دەکـرد– هـی.. هـیچ. بـەڵام تۆ؟!

وتی–من؟ کوژرام، وانیە؟

وتم بەڵێ بڕیار وابوو، وتـی– راسـت دەکـەی بڕیـاری ئـەو دادوەرە وابوو بۆیە وا ئێستایش هاتووم بۆ لای تۆ تـا زینـدووم بکەیتـەوەو بڕیـارێکی دادپەروەرانـەم بـە سـەرا بـدەیت. وتم چـۆن؟! وتـی بمخەرەوە چیرۆکێکی دیکەوە، چۆن دادوەرێکیت. وتم بـەمجۆرە دەحەسێیەوە؟ وتی بەڵێ .منیش لـەپێش چاوی دەستم کـرد بـە زیندوو کردنەوەی.

لـەژێر هێـزی زەبـرو زەنگێکـی گـەورەو بـێ ویسـتی خـۆی کچـە پەپولەیەك کـە لـە چـواردەمین بـەهاردا دەگەشـایەوە، دەسـتێکی چەپەڵ بە مەبەستی لەکـە دروسـت کـردن کچـەی لـە کچێنی بـێ بەری کردو وەك بەرزەکی بابان بۆی دەرچوو. برای کچـە دەسـتی بەزەیی بەسەر سەریا بەسەر قژە خاوەکەیدا دەهێناو دڵۆپ دڵۆپ فرمێسکی بە پاڵ فرمێسـکی کچـەوە دەڕژا.. بـەڵام کـوڕە لاوێکـی زرنك و هی ئەم زەمانەیش نەك هی پاشـترێکی نـەزانراو، دەسـتی کچەی گوشی: خانم رازیت ببیتە هاوسەرم؟ کچـەی دەرون پـڕ گـڕ چـاوی فرمێسـکاوی تـێ بـڕی، بـەڵام تـۆ دەزانـی مـن؟! کـوڕە بـەبزەوە– بـەڵێ دەزانم.. دەمـەوێ چـاوی بـەدکار کـوێربێ.. دەمەوێ لە سەنگەری جوانیەوە تەماشای جیهان بکەم..





دەسـتەلاتێکی لـە توانـای خـۆی رادەبـەدەر، ئـەم نووسـینی کارەساتە راست و درۆیە، ئەو رۆژەی خوێندمەوە تـەواو ژیـانی لێ تاڵکردم، خەو زڕی کردم، ، نازانم چۆن بوو لە ناکاوا بینینم گـۆڕا دەوری چۆلۆ هۆڵم لێ بوو بە دادگا، نووسەری چیرۆك دادوەر بـوو، داواکاری گشتی و پارێزەری بەرگری و هەموو دانیشـتوانیش داوای لـە سـێدارەدانی ئـەو کچـەی نـاو قەفەسـەکەیان دەکـرد، دەنگـی دادوەر کچەی راچڵەکاند.. بڕیـار..بڕیـار، بـەپێی یاسـای کۆمەڵـە خواناسـو ئاشـتیخوازەکەمان وا مـن بڕیـاری کوشـتنی بەسـەرا دەدەم، چونکە بووەتە لەکە بەسەر ناوچەوانی بـرای نێرینەیـەوە، کـوڕەی بـرای دەسـتی لـە قژەکـەی تونـد کـردو بـە دوو چـاوی فرمێسکاویەوە بـێ ویسـتی خـۆی بـەناو هۆڵەکـەدا بـەرەو نـەمانی کێش کرد، منیش هەر ئەوەندەم پێ کـرا دەسـت بکـەم بـە هـاوار کردن، نا.. نا.. ئەوەندەم زانـی راپـەڕیم نـەمزانی چـۆن بـوو خـەو بردبوومیەوە، بەهەناسە سواری بەرداخـە ئاوەکـەم هـەڵگرت یـەك دوو قـومم لێـدا، چـاوم بڕیـە کتێبـە چـیرۆك ئامێزەکـە کـە چـۆن بووەتە مۆتەکە بەسەر سنگمەوە، ئەبێ چـارە چـی بێـت، هـەروا چاوم لێ بڕیبوو ئەوەندەم زانی دەمی کتێب لێك ترازا. کچـە وەکـو تاڵـە تەزوویـەك لـە گـەرووی کتێبـەوە هاتـە دەر تـا تـەوار لەشـی پێکهات، زۆر گەش و جوان بە هێمنی بەرەو لام هات، حەپەسام، سام دایگرتم رێك بەرامبەرم دانیشت چەند جارێك چاوەکانم لێکناو کردمنەوە بەڵام کچە هەروا قنج بەرامبەرم دانیشتبوو هەستی کرد

فرمێسك وشك بوو بەڵام دڵ بە کەیلی مایەوە، بە مەبەستی بەستنی پەیمانی هاوسەرێتی و هاوجووت بوون دیسانەوە کچە رێی دادگای گرتەبەر لووتیان بوو بە لووتی دادوەری یەکەم، سەری سوڕما کە بۆچی بڕیارەکەی تەنفیز نەکراوە. پڕ بەدادکا هاواری ناڕەزایی مانی کچەی کرد، بەڵام کوڕە رووی تێکردو وتی: جەناب بڕیارە نا عادیلەکەی تۆ لە چیرۆکەکەی خۆت تەنفیز کرا وا ئێستا ئێمە لە چیرۆکێکی دیکەیا پێك گەیشتووین، نووسەری دادوەر ئەم بڕیاری پێکگەیشتنەمانی دەرکرد، وابزانم بڕیارێکی دادوەرانەیشە. پێکەنینیان جیهانی پڕکرد.

کاتێ لێ بوومەوەو سەرم بەرزکردەوە کچە نەمابوو هەستام و کتێبە چیرۆك ئامێزەکەم هەڵدایەوە کچە نەبوو لاپەڕەکانی یەك پارچەیەك رەنگ بوبوون ئۆخەیەکم کردو، زۆر بە ئارامی خەوێکی قووڵ بردمیەوە.

تەنیایی هەڵناکەم، دلگیر دەبم، دڵم دەگوشریَ، زۆر جار خۆم لەژووری تەنیایی دەنیّم، وەکو دەوریّشی خەڵوەتکیّش چرکە لە هەموو شت دەبڕم. بیرلە تەنیایی خۆم و تەنیایی تەنیاکان دەکەمەوە، تا تەواو سەرقاڵی تەنیایی دەبم و هوردە هوردە سەرم جیق دەدا دەبم بە درەختێك لقو پۆ دەهاوم، بە گەڵای رەنگەکان چڕ دەبم، هەرچی پەلەوەرو باڵندەی رەنگاو رەنگی باڵنەخشین هەیە لە چڕیم نقوم دەبن و دەجریوێنن. سەما دەچڕن ، منێکی زەماوەند نەدیوی هەڵپەڕکیَ نەدیو، لە شوێنە موگناتیسیەکەم بەرز دەکەنەوە، وەکو کچە پەروەردە بوویەکی ناو هۆڵە بریقەدارەکان بیَ شەرمانە دەستم دەگوشن، هەڵمدەپەڕێنن، خەونە نووستووە رەشبینەکانم زوربا ئاسا بە ئاوازی سەنتورەکانیان سەر بەرز دەکەنەوەو لە دەریای مەینەتیدا سەما بۆ پەپولە بێباڵەکان دەکەن.. لەناکاو لە حەژمەتا ئەوەندە دەزانم خۆم سەرچۆپیگرم، باسکم تێوە ئەئالێت بە دەوریانا لوول دەخۆم، رایان دەموسم، لەسەر لێوی وشك هەڵاتووم دەبن بەزام، زام دەم دەدا. خوناوکەی سۆز تك تك دەڕژێتە سەر خوانی سەر مێزم، تابلۆی هەمە رەنگ دەنەخشێنن، ریز دەبن، زەماوەندی عیشق شایلۆغانی پەیڤینی دەرو دەشتم دەگێڕن، تارمایی تەنیاکان بە پێش دیەکانما خۆ دەنوێنن، چەپڵە لێدەدەن، شاباشم دەکەن، منیش وەکو نزا کارێکی نێو پەرستگایەك دەنوشتێمەوە تا هەنیەم وەڕەقی دەدا .

لەم دەریای عەیشقە سەوڵ دەدەم، تا تەواو کفت دەبم. ئامێز لەگشتیان دەدەم، وەکو بیَ هۆشێك، خۆم دەدەم بەسەر





# تـــة نـــيـا كـــا ن

## تةنياكان

من تەنیام.بۆیە تەنیام خۆش دەوێت.. تەنیاکان دەناسم، ئەوانیش من دەناسن. گەر خۆمان نەبین کەس نامانناسێت، تەنیام و بە

دەنگەناسازەکانیان ئـازاری پـەڕەی گوێچـکەم دەدەن .. ناچـار هەنگاوی فراوانتر دەنێم، بەناو قورو لیتەی شارەکەم پێ هەڵدەگرم ؟ چاوەکانم لە بینینیان قوتار دەکەم . دەیاننێمە ترۆپکی سەرمەوە . چاو لە ئاسمانی تەمو مژاوی زستانی ساردو هەڵلە ڕزێنەری شارەکەم دەبڕم، ئەستێرە تەنیا تیا خنکێنراوەکان دەبینم ! سەرەتا پێدەکەنم . پاشان دەیگۆڕمەوە گریانێکی بە کوڵ . بە تەنیا بیو بێ بینینی کەس بێ بیستنی هیچ دیسانەوە دەگەڕێمەوە تەنیا ژورەکەم، کۆرپەی بێناز کەوتووی تەنیایەك وەبەر قامکان دەدەم . یەك یەك لاپەڕەکانی ژیانی تەنیایی وەسەر دەکەمەوە . لە تەنیایی زیاتر چیتر نابینم، گوڵ دەشکوێ بە تەنیایی . درەخت دەتەقێ بەتەنیایی . یەك یەك ڕەنگەکان دەپۆشن، چاوەکانم لێیان مەست دەبن ، دەیاننێمەلاوە، لەدورڕا تێیان دەڕوانم، دەبینم تاك تاك خۆ رووت دەکەنەوە، نەستم دەبزوێنن . دڵە مانووەکەم دەشێلن . هەتا هێدی هێدی ئارام دەبمەوە، پێڵوەکانم جێ دێڵن، تەسلیم بە خۆمم دەکەن . لە ناکاو ڕام دەچڵەکێنن . ڕوو لە ئاسۆیەکی بریسکەدار وە ئاگام دێنن .





چەرپایەکەما بە دوو چاوی خەواڵوو دەبینم خۆ رادەپسکێنن، لە دەورم ریز دەبن، رامدەژێنن، باوەشێنم دەکەن، ئاوازی نووستن دەژەنن، تاخۆم لەودیو دەرگاوە .. لە نێو شارێکی جەنجاڵ دەبینمەوە.

مناڵیان تێوەردام . هاواردەکەن . ئەوە پیاوە سەیرەکەیە ! ئەوە پیاوەکەیە ! ئەو پیاوەی تارمایی دەبینێ و لەگەڵیان دەئاخڤێ ، منیش لەڕێ ڕۆیشتن ناکەوم و ئەوانیش بەدوومەوەن . ئەوان وەڕس دەبن . بەڵام من وەڕس نابم . ئەوان لەهەنگاوەکانم جێ دەمێنن . منیش هەنگاوەکانم توندتر دەکەم . شانەکانی پێم گیرتر دەکەم، بەتەنیایی دەڕۆم . بێ ئەوەی کەس ببینم . بەتەنیایی خۆم پێ دەکەنم، بۆ تەنیایی خۆم دەگریم .. لەڕۆیشتنەکەم توشی کۆمەڵێکی دیکە دەبم . ئەوان دەمبینن من نایانبینم، ئەوان من ناناسن من دەیانناسم . پێم پێ دەکەنن رووم گرژدەکەم . تەنها بۆخۆم جار جار بزەیەك دەکەم . بەردەوام دەبم لە ڕێگاکەم، تاکو تەراك تەنیام تووشم دەبن . بۆم پێدەکەنێ بۆی پێیدەکەنم . ئەو دەمناسێ و منیش دەیناسم . هەردوو بزە لەیەك دەگرین ئاپۆڕای خەڵکەکە قامکی دۆشاو مژە درێژ دەکەن .. هەموو بەدەنگی بەرز پێدەکەنن . ئێمە لە یەکتر تێدەپەڕین . ئاوڕێك لە تەنیایی یەکتر دەدەینەوە . پێکەنینەکەیان بە تینتر دەبێت . گوێم لێدەبێ یەکێ دەڵێت : (هەی ماڵی ئەقڵم بەقورگرت) یەکێ دیکە هەڵدەدا (ئەرێ ئەمانە چارەسەر ناکرێن ؟!) (چارەسەری چی !؟ ئەمانە تایەفەیەکن هەموویان وان) ئەوی دیکە (خوایە شکور بەبەشت ) .

بەبیرم نایە بەڵام لەوانەیە کەمتیارم دیبیٚ، ئەو ئاژەڵەی کە دەڵێن لایەکی حەڵاڵە و لایەکی دیکەی حەرام، بەڵام هەرگیز نەمبیستوە بڵێن هەمووی حەڵاڵە یاخود هەمووی حەرام، ئەمە بەنیسبەت ئاژەڵێکەوە کەبەهەموو سیفەتێکیەوە مۆرکی ئاژەڵایەتی هەڵگرتبێ . بەڵام چۆنە مرۆڤ ئەو سیفەتانەی پیٚ بڕابیٚ و بوو بیٚ بە کەمتیار و بەخۆی نەزانیبیٚ . من خۆم گەلێك حەزم بەجیهانی فەنتازیایە، ئەو جیهانەی کەبۆ دەربازکردنت لەقێزەو نیەکانی واقیع باوەشت بۆدەگرێتەوە و لەلانکی ئارامییا را تدەژەنیٚ .

دەزانم مریشك خۆی خۆڵ نەکا بەسەر خۆیا کەس پێی نەکا .

دەشزانم ئەوەی لە راستێکان بیٚ دەنگ بیٚ شەیتانێکی لاڵە .

هەردەم دوولەتکردنی کەمتیاری کلاسیك لەبەرلا حەڵاڵەکەی بووە، بەڵام هی مۆدێرن و هاوچەرخ بۆ لاحەرامەکەیەتی .

بەردەوام بوون لە ژیان لە نێوان راست و چەپی کەمتیارا، کارێکی سەخت و دژوارە، بە تایبەتی لە کاتێکدا تەزکیەی بە حەڵاڵ کردنی لایەك و بەڵگەی حەرامی لایەکەی دیکەت نەبیٚ، چونکە لەم حاڵەتە تۆ یەك پارچە حەرام دەبیٚ. گەر حەرامزادەش نەبی . مرۆڤی بلیمەت و یەك پارچە حەرامی نووستوو گەلێك زۆرن . هەر ئەم یەکپارچە حەرامی نێوان کەمتیارانەی ئەمڕۆمان لەوانەیە ڕۆژێ لەڕۆژان بتوانن ببن بە کەمتیار و لەپاش لەتبوونیان وەکو ئەستێرە بەئاسمانی شارەکەوە هەڵواسرێن ، بەڵام ئەو نووستوە داماوانە دەرفەتی





# ببم یان نەبم ...!؟

ببم یان نەبم ...!؟

ئەوەشیان نییە . سبەینان بەناچاری دەبێ تێکەڵ بەو کەمتیار گەلە ببمەوە، بەهەرچی دەردەسەری و دڵەڕاوکێیەکەوە بێ ، ئەو ڕۆژە بەسەر دەبەم، شەکەت و ماندوو دڵشکاوو حەوسەڵە لێبڕاو خۆم دەخەمە سووچی ژوورەکەم و درەنگانێ دەست دەنێمە نێو دەستی یەکێ لەو بلیمەتە نووستووە سەر تاپا حەرامانە و ئەملاو ئەولای ماچ دەکەم و دەینووسێنم بە سنگمەوە، هەست بە دڵۆپە گیربووەکانی بینم دەکا، دەستێکی دڵنەوایی بەسەرما دێنێ و بەرامبەرم دادەنیشێ، بلیمەتیەکانی خۆیم بۆ باس دەکا، ئەو بلیمەتیانەی بەبێ بوون بە کەمتیار پێکیەوە ناوە، دەست دەکەم بە پشکنینی هیچ تەزکیەیەکی پێ شك نابەم، تەنها تەسکەرەیەکی کورد بوون نەبێ، ئەوسا سەر دەنێمە سەری، ئەو بە گوێرەی دڵم و منیش بە پێی ئاوازی ئەو گۆرانی دەڵێین، تا تەواو مەست دەبین، ئەوپێش من چاوەکانی لێك دەنێتەوە، منیش زۆر بە شێنەیی هەڵی دەگرم و دەینێمەوە جێگاکەی خۆی، خۆمیش رادەکشێم، بەدەم سەدای گۆرانییەکانیەوە خەو دەمباتەوە، سبەی کە بە ئاگا دێم دیسان دەکەومەوە بەر تانەی چاوی کەمتیارەکان و مۆڕەیان دەمخەنەوە دڵە راوکە، شوێنێك شك نابەم لێی دانیشم، هەموو شوێنەکان گیراون، وەکو شێت دێم و دەچم و لەبەر خۆمەوە دەڵێم: ببم بە کەمتیار یا نەبم...

ببم یا نەبم..ببم یا نەبم...

## تاوان

وێنەی بوونی جەللادەکەت لە توێی قەفەسی تاوانا ، ئاواتێکی دوورو درێـژی چـەند سـاڵ چـاوەڕوانیت بـوو، سـاڵەها بـوو لـە نێوەندی دوو چاوەڕوانی گێژو وێژ دۆش دامابووی ، یەکیانت لە بری ئەوی دی دەگۆڕیەوە ، دەبـوا یـەکێکیان ببینـی ، گـەر بـە هیوای دیتنی یەك لەو دووە نەبا حەتمەن زوو بوو کۆتاییـت بـەو کوولــە مەرگیــە دێنــا ، مێــژوو وەرچــەرخاو ئــەوی بەتــەمای هاتنەوەی بووی تەنها چەند ئێسك و پروسکێك و تەسکەرەیەکی زەرد هەڵگـەراو بـوو ، بـەڵام وائێسـتا چـاو پـڕ فرمێسـك ڕوەوە شاشە هـەڵکورماویو لـە دیمـەنی بـە پـەنـد بـوونی جەللادەکـەت دەڕوانــی ، شــکاتکارەکەت شــوێنی زوڵــم و زۆرەکانیــان وەبــیر هێنایەوە ، هەرچەندە تەنها ڕۆژێکیش نـەبوو بـیٚ گـوزەر کـردن بە پێش چاوو نێو مێشکتدا گوزەر نەکەن ، بەڵام ئێسـتا وردتـر ڕاشکاوانە بە پێشتدا تێدەپەڕین ، ورد ورد نوزانەوەیەکی باریـك تینی بۆ دێنای ، منداڵەکەت داوای یارمەتی لێدەکردیو تۆش بەو دایکایەتیو بەو جەستەگەورەییتەوە نەتدەتوانی چی بۆ بکەی ، داوای لــیٚ دەکــردی بچــنەوە بــۆ مــاڵ، بــەڵام چ ڕێگایــەکت





# تاوان

نەدەناسیەوە ،ئەو کاری بەوە نەبوو کەئەو منداڵێکی کوردەو ناحەزی یەکێکی دییە ، ئەو تەنها دەیویست بڕواتەوە ئەو ئارامگایەی ناوی  ماڵ بوو ، دەیویست بچێتەوە وەك و جاران بە شوێن  جوجەڵەو کارژۆڵەو پەپولەکان راکات و کەسێ پێی نەڵێ مەکە ، گەر برسی بوو ، کەسێ پێی نەڵێ نییە ، ئەو دەیویست وەك و جاران نەش و نما  بکات و گەورەتر بێ ، نەیدەزانی بۆچی بۆ ئێرەت هێناوە ، تاڕۆژ بەڕۆژ سات بە سات لە بچوکی بدا و بەرەو توانەوە بچێت ، ئەو هەر داوای لێ دەکردی و تۆش دلۆپە فرمێسکت بەسەرا دەڕژاند ، ئەو بێ  واز بوو  داوای لێ کردی تێریکەی بیبەیەوە بۆ ماڵ ، بەڵام تۆ بەقسەت نەکردوو لێت زویر بوو، ڕۆژێ قسەی لەگەڵا نەکردی تەنها بەچاو تێی دەڕوانی ، دەتزانی دەڵێ چی و چی دەوێ، بەڵام بۆت نەکرد ، ئەو زویرتر بوو، ئێوارەیەك جێی هێشتی، کەچی تۆ هەر نەچویەوە، ئەویشت نەبردەوە، تۆ دڵڕەق بوویت پۆستاڵ لە پێیەکی بەبەزەیی هات بە توندی لێی ستاندیو پێشی نەگووتی بۆ کوێ دەیبا، رابە رابە وا بانگ دەدا، دەستێ بەرزکەرەوەو داوای لێبوردن بکە، تا خوا لەو تاوانەت خۆشبێ.

## کەڵبە

بە تەنها من وانیم بەڵکو ئێوەش هەروان. بڕوا ناکەم کەسێ هەبێ زێدی خۆی لەیاد بچێت هەروەك چۆن کارەسات و ساتە دڵخۆشەکانیشی هەرگیز لەیاد ناچێت. منداڵ بووم هەردەم لەگەڵ منداڵە زرنگەکانی گەڕەك لەناو باخچەیەك یاریمان دەکرد، کە گەلێك دڵڕفێن بوو.

زۆربەی کاتم لەوێدا بەسەر دەبرد، دایك و باوکم هەمیشە پێیان دەوتم کە ئەوەندە خوو بەو باخچەیە نەدەم، بەڵام بێ سوود بوو، لەلایەکیشەوە وام هەست دەکرد کە گەورە بووم ئەو عیشقەم دەڕەوێتەوەو دەست بەرداری دەبم، بەڵام بە پێچەوانەوە لەگەڵ گەورە بوونما ئەو عیشقەش گەورەتر دەبوو وا ئێستا بە تەواوی گەورە بووم و تەمەنیشم خەریکە گەورە دەبێت، کەچی عیشقبازی نابڕێتەوە.





# کەڵبە

خراپیش بەرامبەری بوەستی ئەوە هەڵمەتت دەدات، بۆیە وا بڕیارمدا نەوەستم، بەڵام نەدەکرا ئەو چاوی نوقاندووەو من نانی بۆ فڕێ بدەم، بۆیە بەرامبەری وەستام تا بمبینێ و بزانێ کێیە دەیەوێ ئاشنایەتی لەگەڵ ببەستێ.

ئەوەندەی پێ نەچوو چاوەکانی کردەوە، چاوی بڕییە چاوم، وەکو دڵسۆزێك تێمڕوانی، مڕە مڕی بڕییەوە، منیش لەپە نانەکەم بۆ فڕێداو لەسەر خۆ کەوتمە رێ. دەست و پەنجەی تامەزرۆییم لە چیمەن و گوڵو درەختی باخچەکە هەڵسوو ، بەڵام ترسی سەگە هار هەر لەدڵما بوو لەوەی ئەمجار بێتەوە تۆڵەی پێشومیش لێ بکاتەوە ، هاورێکەم دەیوت. هەرچەند ئاشنایەتێکەشتان بەهێزبوو، هەرگیز لێی غافڵ نەبیت چونکە گەلێ بێ وەفایە.

بۆ جارێکی دیکە پلە گۆشتێکم گرت بە دەستمەوەو ملی هەمان رێگام گرتە بەر، لە دوورەوە تێم دەڕوانی بەڵکو شتێك لە سەرو سیمای بەدی بکەم، بەڵام هیچی پێوە دیار نەبوو، ئەمجارەیان ترسەکەم لەهی پێشوو زیاتر بوو دیسانەوە چاومان لێك چەقی، هەرچەند ددانەکانی دیار نەبوو بەڵام گوێم لە مڕە مڕی بوو، پلە گۆشتەکەم زوو بۆی فڕێدا، پێش ئەوەی بکەوێتە سەر زەویەکە قۆستیەوە. بۆم دەرکەوت کە ئەم هاربوونەیشی لەدوای پارووێ چورەوەیە، هەر چۆنێ بوو ئەو جارەشیان باڵە





بەڵام ئەوەی شایانی باسەو جێی مەبەستە ئەو سەگەیە کە لە رێگاکەم پەیدا ببوو، بیستبووم کە سەگێکی هارەو تێپەڕ بوون بەلایدا هەروا سانا نییە، دوور نییە قەپاڵێکت لێداو برینێکی قوڵت تیا جێ هێڵێ ، بەڵام هەر دەبوو رێگایەك بدۆزمەوە بۆ خۆ گەیاندن بەو باخچەیە، لەوانەیە پێتان سەیر بێت کە بڵێم من هەرگیز حەزم بە سەگ نەبووە ، بەتایبەتی ئەم جۆرەیان، کاتێ بە پێشیا تێپەڕیتایە تەواو لە خۆتی دڵنیا دەکرد، لەسەر سك رادەکشاو هەردوو دەستەکانی پێشەوەی درێژ دەکردو سەری خوار دەکردو چاوەکانی دەنوقاند، چەند هەنگاوێ لێی تێپەڕ بوویتایە ئەوەندەت دەزانی کەڵبەی لە لەشت گیر دەکرد، هاورێیەکم کە بەو دەردە چووبوو، پێی وتم کە دەبێ ئاشنایەتییەك لەگەڵ سەگەکە پەیدا بکەم تا بتوانم هاتوچۆی باخچەکە بکەم، بەڵام منێکی حەز بە چارەی سەگ نەکردوو چۆن ئەوەم پێ دەکرێت.

پاش ماوەیەك ناچار بووم بە راسپاردەی هاورێکەم بکەم، رۆژێکیان لەپە نانێکم گرت بە دەستەوەو رێك و راست بەرەو لای باخچەکە کەوتمەڕێ، کاتێ گەیشتمە ئاستی سەگەکە بینیم رێك وەك وتبویان ئە ئاوا خۆی کردبوو بە نوستوو، تفێکم قوتدا، دڵم تێك دەچوو لەوەی کە بەچاوی دڵسۆزیەوە تێی بڕوانم، بەڵام چارم ناچاری بوو، بیستبووم کە بێ مەبەستی

فڕەی خۆم کرد، لەبەر ئەو ترسە زۆرەی تێم رووا بوو ماوەیەکی زۆر بەوێدا تێنەپەڕیم، ئێوارەیەکیان تەواو دڵم دەگوشرا، بێزم لە هەموو شت دەهاتەوە، لەو ژیانەی خۆم جاڕس ببووم زۆر کات ئەو هەستەم لێ پەیدا دەبوو، خەوم دەزڕا، دڵم توند لێی دەدا، لەبەر زۆر جگەرەکێشان دەمو قوڕگم تاڵ دەچۆوە، هەناسەم تەنگ دەبوو، مێشکم بەرگەی هیچ دەنگێکی نەدەگرت، وام هەست دەکرد شتێکی تیژ لە گەرووم چەقیوە، حەزم دەکرد بە کێردێك هەڵی بکێشم و لەو ئازارە رزگارم بێت، چەند سەرم دێناو دەبرد هەموو بیرو خەیاڵم بەلای باخچەکەوە بوو ، چ بە بێداری و چ بە نووستویی ئەو شەوەم لە باخچەکە رابوارد، بۆ سبەی بەیانی لە گەڵ گزنگ کەوتمە رێ ، ئازارەکەی شەو هێشتا شوێن پەنجەی بەسەر روحمەوە دیاربوو، ئاگام لە دەورو پشتی خۆم نەبوو، چاوم تەنها باخچەکەی دەدی و بەس، نازانم چەندم لە رێگاکە بڕیبوو، ئەوەندەم زانی شتێك بە مڕە مڕ لە جەستەم دەلەوەڕێ ، کاتێ وە ئاگا هاتمەوە بینیم برینەکەم گەلێ لە هی هاوڕێکەم قوڵترە.

دیسانەوە هەستێك بووە هۆی زڕخەویت ، لەم جۆرە کاتەو بەم پەشێویە پەنات دەبردە بەر ئەو چۆڕاوەی کە هەڵی دەگێڕایتەوە بە دوژمنێکی سەر سەختی بوو نێکان، وا دیسانەوە قوڵپەت لە شوشە هەڵساندو پێکەنینت بە زەلیلیان دەهات، جگەرەیەکیشت پێ کردو خۆت هەڵدایە ئەو منداڵدانەی کە بێچووت تیا بەدی دەکردو دەتکردن بە جگەر گۆشەی خۆت.

ئازارەکەت وەکو ئازاری ئەو ئافرەتە وابوو کە خەریك بوو ئەو ئامانەتەی کەپێیەتی بیداتە دەستی ژیان، خۆت دەگوشی و خاو دەبویتەوە، ئەم کارەت دوو بارەو سێ بارە دەبۆوە، تۆیش چاوەڕوان بوویت، سەرو سیمایت لێوە دیاربوو، باشت چارەی نەدەدی.

(تۆ بڵێی ببێتە جگەر گۆشەیەکی جوان و خۆشەویست؟ گەر وانەبێ بۆچی باشە؟) ژان گرتنەکەت درێژەی کێشا تامو چێژت لێ وەردەگرت، بیستبووت ئافرەتێ منداڵی پێ بێ بە پێوە راوەستان و رێکردن بۆی باشە، پێڵووەکانت هەڵبڕی و مژێکی دیکەت پێوەنا، دوا قومت لە جگەرەکەداو دوا ساتت لە تەمەنی کوژاندەوە، هەستایتە سەرپێ، تا ئەو سەری ژورەکە چویت و گەڕایتەوە، دەستت بۆ پاکەتەکەت بردو جگەرەیەکی دیکەت پێ کرد، . چەند جارێك بە درێژیژوورەکە هاتی و چوی .. وات هەست دەکرد هەرچی خوێنێ لە لەشتا هەیە لە کەللە سەرت گۆڵیان بەستووە، سەرو سیمای وردە وردە جوانتر وەدەر





# رامان لە ژانی نووسەر

رامان لە ژانی نووسەر

دەکەوت، هەستت بە جوانیەکەی دەکرد، . بە شادمانیەوە پێنووسەکەت بە دەستەوە گرت و کەوتیتە وێنە کێشانی ئەو ئەندامانەی لێتەوە دیار بوو، ئازارەکەت کەم دەکات، ئەندامەکانی لەشی هەر لەدایك بون بوون، هەستت بەسەر سوکی خۆت دەکرد، پێکەنینت دەهات بەو رستەیەی کە دەتویست بیلێی (منی پیاو خەریکم جگەر گۆشەم دەبێت) کەم بوونەوەی ئازارەکەت نیشانەی تەواو بوونی ئەندامەکانی بوو، تەواو مەست بوبووی، چاوەکانت شتەکانی روونتر دەبینی. هەستت دەکرد ئەندامەکانی توند یەکیان گوشیوە، زەماوەندێکت ساز کردبوو سەرچۆپیەکەی جگەر گۆشەیەك بوو هێشتا ئازادی لە دکتاتۆری مندالّدانتا وەرنەگرتبوو، لەنێو ئاسمانێکی ئازادا سەمات بە سەمفۆنیای بێ دەنگی دەکرد، لەناکاوا شاباشی ئازادی وەرگرتنی جگەر گۆشەکەت ژوورەکەتی پڕ کرد.

بەدەستی لەرزۆك و چاوی خەواڵووەوە کەوتیتە رەشکردنی چاوی، سورکردنی لێوی، قژە ئاوریشمینەکەیت داهێنا، لە کۆتاییشدا قردێلەیەکی بریسکەدا رت لە تەوقی سەری بەست، تەواو کفت بووی، بێ ئەوەی بیر لە پارووە نانێك بکەیتەوە. ماچێکی گەرمت کردوو بێ ئەوەی ئاگات لەخۆت بێ دەستلەملانی بوویت و بە جووتە دەستتانکردە ملی سیناریۆیەك کە گۆناییەکەی پێشوازی کردنی جگەر گۆشەیەك بوو لەیەکەم بەیان.

## کورتبینی

ئەم ئاوێتە بونەت لەگەڵ بێدەنگی ژورەکەت،دەگەڕایەوە بۆ ماوەیەکی تۆزێ دوور، لە بێ دەنگیەکە ماوەیەك رادەمایت و هەردوو چاوت دەنوقاند، دەتویست بە چاو نووقاوی شتەکان ببینی و سەرەتاتکێیان لەگەڵدا بکەیت وا ئێستاکەیش لەگەڵ بێدەنگی ژوورەکەت دانیشتووی چاوت لە نوختەیەك لە فەزا چەقیوە، بێ ئەوەی مەبەستت ئەو نوختەیە بێت.

پاش ماوەیەك رامان هەموو وێنەکانی ئەلبومی مێشکت نایە لاوەو نوختەی فەزای ژوورەکەت لەپێش چاو ون بوو، بینینت کێشا بە پانتایی دیوارەکەی بەرامبەرت، دیسانەوە سەرت نوشتانەوە سەر کتێبەکەی پێشت و ویستت درێژە بە خوێندنەوەی بدەیت، بەڵام هێڵێکی ستونی سەر بیرت رایچەڵەکانی و بەرەو خۆی کێشی کردی، گەڕایتەوە ئەو رۆژەی کە چۆن لە نێوان وشەو دێڕی نوسیتنێکدا نامۆو سەرگەردان بوبووی، هەستت بە کورتبینی دەکرد، هەردوو دەستت دەخستە سەر نوسینەکەو یەك وشەت لە نێوانی دەستەکانت دەهێشتەوە، وشەکە نامۆ نەبوو، چەندەها جار بینیوتەو ماناکەشی دەزانی. یەك بە یەکیانت بەو دەردە بردو هەموویان ئاشنا بوون، بەڵام کە دەستەکانت بەرز دەکردەوە، بە کۆیی





# کورتبینی

تێك دەچرژان و لێکیانت نەدەدایەوە، حەوسەڵەت نەما، هەستایت و لەماڵ دەرکەوتی، رووت کردە بازاڕەکە، چاوت لە هەموو شتێك دەبڕی. لەسەر شۆستەکەی ئەم بەرەوە لەنگەرت گرت، چاوتبڕیە کۆگاکەی ئەوبەر شەقامەکە، تابلۆیەك سەرنجی راکێشای.

تابلۆیەك هێڵێکی سپی بە چوار دەوریا کێشراوە، دیمەنەکەی تیا نەخشێنراوە وات بۆ دەرکەوت کە واقیعی شتەکان دەلیلی بینینتن.

سەرەڕای هەستانت بەم تاقی کردنەوەیەت ئۆقرەت نەگرت، نووسینەکە پاڵی پێوەنای کە سەردانی پزیشکێکی چاو بکەیت. کردت و چەندە داو دەرمانی تایبەتیت بۆ چاککردنی بینینت بە کارهێنا، پاش ماوەیەك چوویتەوە هەمان شوێن، چاوت بڕیەوە لە تابلۆکە، سەیرت لەم بینینەی ئەم جارەت هات.

–دوو هێڵی سپی بە چوار دەوری تابلۆکەدا کێشراوە، نەك یەك.

بۆیە وتت کەواتە شتەکان دەلیلی بینینم نین، بەڵکو بینینم دەلیلی بوونی شتەکانە، گەڕایتەوە سەر نوسراوەکەی ماڵ، دێڕەکانی لێك جودا بوون. وشەکان هەمان وشەکانی جاران بوون، بەڵام رەنگیان گەلێ جوان و گەشەنگ بوو.

2000/12/12 لە هاوکاری ژ 3414 بڵاوکرایەوە.

## تەرازوو

بەهرەیەکی خوایی بوو، لەو تەمەنەدا دەیتوانی بە مەزەنە پێوانەی زۆر شت هەڵسەنگێنێ، بەمەزەنە وا لێکی دەدایەوە کە بەرزی باوکی خۆی لە دوو مەتر دەدا.

وا ئێستا هەست بە شانازی دەکا کە لەگەڵ ئەو باوکە بەرزە دەچێ بۆ بازاڕ، دایکە رووی لە باوکی کرد.

–دەزانی پێڵاوەکانم دڕاون ؟ دەمەوێ جووتێ پێڵاوی جوانم بۆ بکڕی نیوەی پارەکەیشی خۆم دەتدەمێ.

منداڵەکەشی راسپارد کە باوکی لە بیری چوو ئەم ئاگاداری بکاتەوە.

کە چوونە بازاڕ کوت و موت کارەکە بەو شێوەیە گەڕا منداڵی بەهرەدار پێڵاوی دایکی هێنایەوە یادی باوکی، . چەند جوتێکیان هەڵگرت و دانا، تا لە دواییا بەدڵی هەردووکیان هەندێکیان جوتێکیان هەڵبژارد. باوکە رووی کردە خاوەن کۆگاکە.

–پارەکەی چەند دەکات؟





# تەرازوو

–پێنج هەزار.

پارەکەی دەداتە دەست و بەرەو ماڵ دەبنەوە، کە دەگەنەوە ماڵ جووتە پێڵاو دەردێنن، دەیدەنە دەست دایکە.

روو لە پیاوەکەی دەکات:

–یا ڕەبی دەستت خۆشبێ، بەچەندت کڕیوە؟

–حەوت هەزار

منداڵەکە روانیە باوکی تەماشا دەکات مەزەنەی زۆر هەڵەیە، بەرزی باوکی گەلێکی لە دوو مەتر کەمترە، بۆیە روو لە باوکی دەکات.

–بابە بە چەندت کڕی؟

باوکە چاوەڕێی دادوەرێکی وا نەبوو، ئاوڕی دایەوە سەر منداڵەکە بڕوای بە چاوی نەکرد، لەبری منداڵێ چاوی بە پیاوێکی گەورەی پشت مێزێ کەوت کە تەرازویەکو جووتە پێڵاوەکەی لە پێشە خۆ داناوە.

بە سەر سوڕمانەوە دەڕوانێتە ژنەکەی ئەویش پێی دەڵێ.

–چیتە؟ وەڵامی پرسیارەکەی بۆ نادەیتەوە؟

## ونبوون

به قامکەکانی یاری به پێنووسەکه دەکرد، مۆمەکه به توانەوەی خۆی ئازادی دابووە شتەکانی ژوورەکە، کاغەزە سپیە بێگەردەکە چاوەڕێ بوو نووکی پێنووسی پیا بخشێ ، بەڵام نەیدەزانی لە کام سەرەوەیە، ئەمیش هەر جارە نەجارێك پێنوسەکەی ئەمدیوو ئەودیو دەکرد، دەیویست شتێك بنووسێ پاشگەز دەبۆوە، وەری دەگێڕایەوە ئەو سەرەکەی دیکە بەڵام بێ سوود بوو مێشکی جەنجاڵ بوو.

پێنووسە دوو سەرەکە وەڕس بوبوو، چاوی بڕیبووە چاوە خەواڵوەکانی ئەوو چاوەڕێ بوو دەستەڵاتی خەو گورزی خۆی





# ونبوون

بووەشێنیٚ و چوستی لەشی لە ریشە دەرکێشیٚ و جەستەی ئەمیش لە قامکەکان بترازیٚ.

سەری قورسی بە ئاستەم بەرز کردەوەو تەماشایەکی کاتژمێرەکەی کرد. کاتژمێر دەمێك بوو نوستبوو، مۆمی روناك پەخش و کاغەزی سپی بێگەرد هاو دەردی پێنووسی بیٚ سەرو بن بوون، بەشداری کەرنەڤاڵی توانەوە بوون، چەند هێڵێکی وەهمی لە لێکیانی جویٚ کردبۆوە، ئەگینا لە یەك گوشینێکی ئازاراوی سەختا هاوبەش بوون، هەموو چاوەکان سەرنجیان لەسەر قامکەکان بوون، ئەوەندەی نەبرد پێنووس کەوتە سەر مێزەکە، خلۆر بۆوە بۆ سەر کاغەزەکە.

ئەمیش سەری لار ببوو بەلای تیشکی مۆمەکە، لایەکی روومەتی رووناك کردبۆوە لایەکەی دیکەی لەناو رەنگێکی چڵکنی مەیلەو بۆر ون ببوو. هەر سەك بە سرتەو ترسەوە کەوتنە راوێژکردن، دەیانویست خۆیان ئازادکەن، کاغەزی سپی بێگەرد وەکو پەروانە شەیدای چاوی پرشنگداری مۆمەکە بوبوو، وردە وردە سووچێکی خۆی بۆ دەمی مۆمی تواوە بەرز کردەوە، ماچێکی گڕەکەی کرد، ئاگر لە جەستەی بەربوو، هەرسێك گڕو بڵێسەیەکیان لە ژوورەکە هەڵکرد، وردە وردە کابرای نووستوو لاکەی دیکەشی رووی چڵکنی ئەولای گرت و تا تەواو لەناو رەشاییەکی تەنراوی نێوان چوار دیواردا هەموو ون بوون.

## ئاوێنە

بە یەکتر ئاشنا بوبوون، وا ئەمڕۆش حەزت لێبوو سەردانییەکی بکەیت، کاتێ گەیشتیە لای دیسانەوە ئاوێنەکەی نیشانتدا.

– فەرموو تەماشایکە بزانە خۆتی تیا دەبینی یاخود نە؟

– بەڵێ خۆم دەبینم بەڵام بە شێواوی.

بەم وەڵامە پەست بوو.

– لەوانەیە تووشی کورتبینی بووبی، ئەگینا من دەزانم باشترین رەنگ دەداتەوە. چەندە دەتویست تێی گەیەنی کە ئەم ئاوێنەیە کۆن بووەو سورمەکانی پشتی سواوەو تەواو رەنگ ناداتەوە، جگە لەوەی کە قەبارەکەی بچوکەو گیان ئازاد نییە تیایدا، بەڵام ئەم قسانەی بە پوولێك لێت نەدەکڕی، بەڵکو





# ئاوێنە

ماچێکی کردە خەلاّتی وەفاداریت و بە رووحێکی نوێوە جێی هێشتی.





هەڵدەستا بە گۆڕینی شێوەی دانانی، گەر لەسەر درێژی بووایە دەیخستە سەر پانی و بە پێچەوانەوە.

دیسانەوە راتی وەردەگرت. بەلاّم چونکە تۆ دلّنیا بووی لە هێزی بینینی خۆت. سوور بویت لەسەر راکەت.

هەستێکی ناخۆش باڵی بە سەرا گرت، بە پەستی و بەبیّ قسە ئاوێنەکەی هەڵگرت، زانیت کە دڵیت شکاندووە، دەستێکت نایە سەر شانی.

– باپرۆین پیاسەیەك بکەین. تەماشایەکی کردی و بە بزەیەکەوە رەزامەندی خۆی نواند، . دەرچوونە دەرەوەو بەرەو ماڵی خۆت پەلکێشت کرد، کاتیّ بردتە ژوورەکەت ئاوێنەکەی خۆتت نیشاندا هەموو کونو کەلەبەرێکت خستە پێش بینای، تەماشایەکی کرد خۆی تیا بەدی کرد، بیّ ئەوەی پێشتر هەستی پیّ کردبیّ.

– ئەم ئاوێنەیە لەوەی من گەلیّ جیاوازە.

– بەلیّ هەموو لەش و گیانتی تیا بەدی دەکەی بیّ قرتاندن، سەربەخۆ تیا دەسورێیەوە.

– نەمزانی بەم شێوەیە پێویستە دانەییّ لەم شێوەیە بەدەست بێنم.

– کەواتە زوو فریای خۆت بکەوە، نەوەك تا ئەمەت چنگ کەویّ دانەیەکی نوێتر بێتە کایەوە.

## شەوێك

## ئەمشەو باران دەبارێت.. !

بارانی چی کوڕم؟ باران ئێرەی بزر کردووە.

ماوەیەکی دوورو درێژبوو، بەهار رەوی کردبوو، باران بە ئێجگاری بنبڕ بوبوو، هەموو هێلێك لە نێوانەکان پسابوو، تەنها رەشەبا دەباری، هەموو شتێك بەلادا دەهات، گەڵای زەرد داگەڕاو زەمینی شەقار بووی داپۆشیبوو، وشکە سەرما سەمای بە هەموو جەستەکان دەکرد . هەڵلەرزین ببوە سەمفۆنیایەکی ترسناك . دوو کەس، دوو ئازیزی یەکتر هەرگیز شەوی وایان بەخۆوە نەدیبوو.

وەرزی سەرماو سۆڵە نەبوو، کەچی دەتوت لەمانگی بەفرانباران .

کوڕە چاوی بڕیبوە زوڵفە خوری ئاساکانی دایکی، لەبن لەچکەکەیەوە وەدەرکەوتبوون .

ـ لەوانەیە ئەمجار بەسپێتی بۆمنی بڕنێتەوە .





# شەوێك

# ئەمشەو باران

# دەبارێت.. !

وای وتو لەسەر نوێنەکە ڕاکشا . پیرێژن هەستا لێفەیەکی پێداداو کەوتە ورتە ورت.

ـ ئەم بێ بارانیە کەی دەبڕێتەوە خوایە گیان، ئەم رەشەبایە کەی پەلو پۆی دەشکێ خوایە گیان؟!

کوڕە لەبن لێفەوە نوزەی دەهات.

ـ ئەمشەو دایە، ئەمشەو، هەستا لایەکی پەنجەرەکەی والآ کرد.

ـگوێ قولاغ دەنووم، نەك نەك باران بباریێ و ئاگام لێ نەبێ ، کوڕی من نەخۆش نییە، کوڕی من نوقسان نییە، کوڕی من پیرو کەنەفت نییە، چۆن لێمی دەستێنی؟

خەوێك دیبوی ئارامی لێ بڕیبوو، وای هەست دەکرد مالئاوایی لەیەك دەکەن. دوا شەوەو لێك دەترازێن، سبەی لەگەڵ بیرەوەریەکان سەر بە یەکدا دەکەن، دڵ دەخۆن، تەمەن کورت دەکەن.

فرمێسك لە چاویا بینایی دەشێواند، جار جارە دەستێکی بە دیدەکانیا دەهێنا، لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوەی دەکرد، نەهەور دیارەو نە باران و نە هیچ. نە ئاواتی کوڕەکەیشی دێتە دی، بە خەمێکی گەورەوە لە پالیەوە راکشا، خەریك بوو خەو بە سەریا زالْ بێت، یەك دوو جار مالەکە شلەقایەوە، راپەڕی تەماشایەکی کوڕەکەی کرد نوستبوو، لەناکاوا دەنگی قرمە بە گوێیدا هات، بە پەلە کوڕەکەی وە ئاگا هێنا. قولْپ.. قولْپ.. کوڕە هەستی بە دەنگەکە کرد تەماشایەکی دایکی کرد، بە دەستێ فرمێسکی





دەسڕی و دەستەکەی دیکەشی بۆ هەوری سەر چیاکان رادەوەشاند.

ــ ئەی هەورەکە وەرە دەمێکە چاوەڕوانتم.. وەرە جەستەم بشۆرەوە، ئەی شەوە تاریکەکە تۆش گومبەو نامەوێ جارێکی دیکە بچمە ژێر بالتەوە .

لەگەڵ نزیکبوونەوەی بەیاندا هەوریش بەرەو سەریان دەهات، بەلآم قولْپ، قولْپ، کوڕە وەکو درەختێکی بڕاوە بەلادا هات. چاوەکانی لە ئاسمانیان دەڕوانی، لەگەڵ بینینی هەورێکی سکپڕ بەیان گزنگیدا، لێزمەی باران لاشەی سوورەوەبووی کوڕەیشو شتەوە.

# دوو هاوتەریب پێك دەگەن





## دوو هاوتەریب پێك دەگەن

ئەمە یەکەم دانیشتنی لەو جۆرە نەبوو، بەڵکو چەندەها جار دووبارە ببۆوە، کاری (ئەو) تەنها سەرزەنشت کردنی (ئەم) بوو، (ئەم)یش لەرێز لێگرتنی (ئەو) نەیدەتوانی وەڵامی تەواوی بداتەوەو ئازادبێ لە راکانی، وا ئەمجارەیش هەردوو بە دڵشکاوی و دڵگرانی بەرامبەر بە یەك دانیشتوون، قسە کۆن و سواوەکانی جاران بە شێوەی سەرزەنشت لە زاری (ئەو) دەهاتە دەر، (ئەم)یش وای هەست دەکرد، کە لەوانەیە (ئەو) ئاواتەخواز بێت لە بری ئەم کچێکی نوقسانی هەبوایە، کچ لە چاوی ئەم مرۆڤ بوو، بەڵام لە چاوی (ئەو) بەوەی نەدەکرد، بە شەرمێکەوە سەری بەرز کردەوە.

– یانی تۆ دەتەوێ چی بکەم و چۆن بم؟

ـ دەمەوێ وەك کوڕی فلان و وەك فلانە کەس بیت، بتوانی کاریێ بکەیت و لەناو کۆمەڵ سەر بەرز بیت.

(ئەم) نموونەی کوڕی فلان و فلانە کەسیشی چاك دەناسی، بۆیە وای لێکدایەوە کە ئاخۆ لە چاوی (ئەو) چەند سوك و نزمە، بۆیە هەڵچوونەکەی وردە وردە تەنگی پێ هەڵچنی، رووی دەمی تێ کردەوەو بە وردی رەوشتی کوڕی فلان و فلانە کەسیشی بۆ باس کرد، (ئەو)یش ئەم شتانەی بە گوێ تازە بوو، بۆیە وتی : تۆ بە قسە کەس ناتگرێت، خۆزیا ئەوەندە قسەت دەزانی ئەوەندەیش کارگەر بوویتایە.

چەند وتەیەکی پاشگەز بوونەوەی تێ سرەواند، ویستی لە میانەی ئەو دوو سێ وتەیەوە تێی گەیەنێ کە (ئەو) ئازیزی (ئەم)ەو خۆشەویستیەکەی گەلێ لە ناکۆکیەکەیان مەزنترە، بەم وەزعە بەجێی هێشت و کەوتە رێ، تەنها تروسکەیێ رووناکی لە چاوانا مابوو، بە ئاستەم بەر پێی خۆی دەدی، هەموو شتێکی وەکو تارمایی دەهاتە پێش چاو لەبەر خۆیەوە ورتە ورتی بوو.

- چی بکەم ئەو نازانێ من مرۆڤێکی خاوەن هەڵوێستم ناتوانم کارێ وا بکەم لەناو خەڵکی پێی روو زەرد بێت، بە ئاوات بێ لە بری من کچێکی نوقسانی ببوایە، بەڵام وا دیارە تا ئێستا چیم وت بێ سوود بووە، پێویستە شێوازێکی دیکە بگرمەبەر، پێویستە بەهەرچی نرخێك بێت دڵی رازی بکەم.

هەردوو بەدەم ورتە ورت و ناوخۆ خواردنەوەوە گەیشتنەوە پێش دەرگەی ماڵەوە، (ئەو) ویستی قسە بکات بەڵام (ئەم) کەوایدەزانی دیسانەوە سەرزەنشت دەکرێت، ماوەی پێ نەداو وتی:

- ببورە باوکی بەرێزم چۆنت دەوێ ئیتر من وا ئەکەم، (ئەو)یش وتی:

- نا کوڕی خۆم بۆچوونی من هەڵەیە، چۆنت دەوێ وا بکە.

هەردوو بۆ شاردنەوەی دڵۆپە فرمێسکە قەتیسماوەکان دەستیان کردە ملی یەکتر، کە بیانووی روو خۆش زۆر بە شانازیەوە بەرەو ژوورەوە بە رێیانی خست، کاتێ بە ماڵەکەیاندا روانی دەمێ بوو بەو جوانیە نەیاندیبوو.





جار جار دەیویست بڵێ خۆزیا هی (ئەو) نەبومایە، هەرچەندی دەکرد نەیدەتوانی ناچار بە دڵشکاوی و نیگەرانیەوە بەجێی هێشت. پەنای بردە بەر یەکێکی بە تەمەن و خاوەن پایەی کۆمەڵایەتی، سکاڵای زۆری دەربڕی بەرامبەر بە (ئەو).

(ئەو)یش لای یەکێکی هاوڕێی خۆی دانیشت و گەلێ سکاڵای لەدەست (ئەم) کرد، هاوەڵەکەی ئەو جار جارە پلاری لە (ئەم) دەگرت و بە باڵای کوڕی خۆی هەڵدەدا، (ئەو)یش لە تاوا هەرچی مووی لەشی هەیە قیت وەستان، گەلێ بە قسەکانی پەست بوو، پەنجەی پەشیمانی گەست، بێ قسە بەجێی هێشت، تەنها تروسکەیێ رووناکی لە چاوانا مابوو، بە ئاستەم بەر پێی خۆی دەدی، هەموو شتێکی وەکو تارمایی دەهاتە پێش چاو، لەبەر خۆیەوە ورتە ورتی بوو.

- چۆن هەڵەیەکم کرد؟! بەڵام گەر (ئەم) ئەم بوایە کەس پێم پێ نەدەکەنی، من چیم دەوێ حەز دەکەم لەناو خەڵکدا شانازی پێوە بکەم، بەڵام هەموو هەوڵێکم بێ سوود بوو، پێویستە شێوازێکی دیکەی بۆ بگرمە بەر، بەپێی قسەو بۆچوونی جێی شانازیە بەڵام ئەمرۆ کێ پلەی زرنگی دەپێوێ؟ ئەمرۆ پلەی پێوان بە گیرفانەوە بەندە.

(ئەم)یش کە گوێی لە بەرامبەرەکەی بوو خۆی سوك هاتە پێش چاو، لەبەر خۆیەوە دەیوت.

- چۆن لەڕووی دێت لەپێش من قسەی وا بە (ئەو) بکات؟! بەڵام گوناهی خۆمە خۆم ئەو دەروازەیەم واڵا کرد.

## بڕیارێك ئەنجام نەدرا

غەڵبە غەڵب و هەراو زەنای سەردانیکەرەکانت جاڕسیان کردبووی، سرووتی عەشقیان لێ تێکدەدای، دەنگەکانیان هەموو شریتی عومری رابردوتیان لێکتر دەپساندو لێتیان دەشێواند، بزەو خەندەو نیگای شیرینی کەژاڵ پۆزەتیفانەو ئەو غەڵبە غەڵبەش بە پێچەوانەوە جێپەنجەیان لە سەر روحت دادەنا، بۆیە باوکی نەبەزت لە خۆت نزیك خستەوەو هەرچۆنێ بوو تێت گەیاند کە دەتەوێ تەنیا بی و ئەو قەرەباڵەغیەی دەورت نەمێنێ.

بێدەنگی ژوورەکە مەودای زیاتری بۆ رەخساندی ، پتر بە ناخو خەیاڵی خۆتدا قوڵ بوویتەوە، ئەو رۆژانەت دێنایەوە یادی خۆت کە بڕیارێکی وات دابوو خۆت لەو ژیانە پڕ چەرمەسەریەی ئەوکاتە قورتارکەیت و کۆتایی بە ژیانی خۆت بێنی.

جارێ خەم و پەژارە دایدەگرتیو جارێکیش بزە ، باوکی نەبەز کە لە پاڵتەوەو لە سەر کورسیەك کروشکەی کردبوو، ئاگاداری ئەو هەڵبەزو دابەزەی روحت بوو، چەن جارێ بە دەنگی نزم بانگی کردی، بەڵام خۆت تێنەگەیاند، هەرگیز رازی نەبووی کەسێك لەو





# بڕیارێك ئەنجام نەدرا

شتێکت نەکردبوو، نە درەختێ ، نەگوڵێ، نە تەلارێ، نە ئەستێرەیەك و نە مانگ و نە هیچ شتێکی دڵگیری ئەم کەونە، هەر بەو هەژانەوە درێژەت بە هەنگاوەکانتدا، تا گەیشتیە ئەوسەری کۆڵانەکە ، بە لای چەپدا لاتکردەوەو چەن سەد مەترێك چووی و لە ناکاو لە شوێنی خۆت وەستای، بێ ئەوەی بزانی بۆ وەستای ، ئەوەندەت ئاگا لێ بوو شتێك لە ناختا بەرۆکی گرتیو داوای گەڕانەوەی لێ دەکردی، بە هەمان شوێن گەڕایتەوە تا گەیشتیەوە نزیك هەمان دەرگا، بەڵام داخرابوو،گەیشتیە ئەوسەری کۆڵانەکە ، بەڵام حەزت نەدەکرد لەو ناوە دوورکەویەوە، دیسان گەڕایتەوە، دزە نیگایەکت لە دەرگاکە سرەواند، بەڵام بێ دەسکەوت،لەو ساتەوە هەستێکی خۆشبزوێن، ژینتێزاو، کەوتە کەڵکەڵەی بیرتەوە، دوو تەوەری دژ بە یەك دەیانگوشیت ، وە بەر توانەوەیان دەدای ، بڕیاری پێشووت بەلایەکداوتامەزرۆیی دیتنی جوانترین بوونەوەرێك کە تا ئێست دیبێتت بە لایەکی دیکەدا کێشیان دەکردی، رۆژت دەدایە دەمی شەوەوەو شەویش بەو جۆرەو بڕیاریش هەر لە دواخستن بوو،هەنگاوە بێهودەکان لە نەمان بوون ، شوێن پێکانت تاسەیان دەکردی، شەقامێکی روناك بانگی دەکردی، زۆر بە هێمنی و بێ سڵکردنەوە بۆی دەکشای، چەندین جار گوزەرت بەو شوێنەدا کردوو مێشکت ئاوێزانی مەرگ و ژین بوبوو، وات هەست دەکرد بڕیارەکەت بە روومەتی شەقامێکی روناکدا دەسواو لە کاڵبوونەوەی دەدا، دەستە خاو





جیهانە رازاوەیەت رامالێو بتهێنێتەوە تویی پێخەفێکی چوون تابووت.

بە کۆڵێ خەفەت و دڵێکی گوشراوو روحێکی فەلاکەتەوە کۆڵان و جادەکانی شارت تەی دەکرد، بیرت لە شێوەو جۆری خۆ لە ناو دانت دەکردەوە، جگەرەت بە جگەرە دا دەگیرساند، وات هەست دەکرد کورەیەك لە کەللە سەرت جۆش دراوە، هەموو دەمارو ماسولکەکانی جەستەت توند توند بوبوون ، چەند رۆژ بوو زاد بە گەرووتدا رۆ نەچووبوو،مانای خەوت نەدەزانی، بێ هوودە هەنگاوت دەناو چ شوێنێکی گونجاوت لەو ژیانە بۆ خۆت بەدی نەدەکرد، واتدەزانی شتێکی زیادەی بە سەر رووی زەویەوەو چی گیاندارو مرۆڤ وئەرزو ئاسمانە لێت بێزارن و داوای کۆچکردنت لێ دەکەن،بوبوویتە یەك پارچە خەمی گەورە بۆ هەموو ئەندامانی خێزانەکەت و هەموو ئەوانەی خۆشیان دەویستی، بێ ئەوەی بزانی کەسانێ خۆشتیان دەوێ، خۆتیش نەتزانی چۆن بوو سەرت کرد بەو کۆڵانەیا، لەوانەیە دەسەڵاتت بە سەر هەنگاوەکانتدا نەمابووبێ، ئەو کۆڵانەو ئەو هەنگاوانەی کە گەیاندیتیانە ئەم جێگایەو نەیانهێشت بڕیارێك بە جێ بێنی کە بە خۆتت دابوو، هەر لەو کۆڵانە بوو دەنگی کرانەوەی دەرگایەك رایچڵەکاندی، چاوەکانت لە دوو چاوی سیحراویو پڕتین چەقین و هەژانێکیان بە هەموو بوونت هێنا، شێوەی نەخشاوی دەموچاوێك چاوە مردووەکانتی پڕ ژیان کرد، ماوەیەك بوو بەو دیقەتە تەماشای

کەژاڵ وەك فریشتە دەستی بۆ درێژ کردی و بانگی کردی، تۆش دەستت دایەو هەستایتە سەر پێ، هەروەك هەوەڵ رۆژەکانی هاوجووتبوونتان تریقەی پێکەنین و بوژانەوەی دڵە رەشداگەڕاوەکەت ببوە کازیوەی رۆژانی نووتەکی سەرماو بەستەڵەکی ژیانی پێشووت، دەست لە ناو دەست بەو ناوەدا تاوتان دەداو لە ناو چیمەنی سەوزو شەونم تێزاودا تلتان دەداو یەکتان دەگەوزان، باوکی نەبەز کە چاوی لە سەرت هەڵنەدەگرت تەماشای بزەی لێوە وشك هەڵاتووەکانتی دەکرد، زۆر لە سەرخۆ چەند جارێکی دیکە بانگی کردی، بەڵام تۆ هەرگیز دەسبەرداری ئەوساتە هەنگوینیە نەدەبووی، دڵنیا بوو خەو دەبینی، بۆیە ئەویش ویستی تۆزێ پێڵوەکانی لێکنێ ، بەڵام هێشتا تۆ لەو بەهەشتە تایبەتیەی خۆت وەکو ئەسپی رەسەن تۆزت دەکردو پڕ بەو جیهانە دەتحیلکان، لە ناو تەنووری ئەویندا دەتوایتەوە، هێدی هێدی وزەت لە دابەزین بوو، کاتێ هاتیەوە سەر خۆت هەستت بە سەرمایەکی کوشندە کرد، خەریك بوو لەرزت پێبێ، ویستت پەتووەکەی پایینی پێت بە خۆتدادەی، نەختێ هێزت دایە خۆت، ویستت دانیشیتە سەر سمت و دەستت بە پەتووەکە بگات، کۆخەت پێکەوت، باوکی نەبەز داپەڕی و پەتووەکەی پێتادا ، بیرت هەرلای ئەو زیندە خەوە خۆشە بوو،ئەو بەهەشتەی کە سەرما لێی کردی،تامەزرۆی بینینی کەژاڵ بووی،تامەزرۆییەکی بێ سنوور، خۆتت گەلێ بە بێ جورئەت





بووەکانت جار جار بەرز دەکردەوەو بە ریش و قژە تێکئاڵاوەکەتدا دەهێنا،دەمێك بوو ئاوێنەکەت بێ گیان کەوتبوو،تۆی لە ناخی خۆیدا نەدەدی، بە سرتەو بە دزی هەموو خوشك و براکانتەوە نیگایەکت لە ئاوێنەکە گرتوو وێنەی مانووی چەند رۆژەتی نیشانتدا، چەند لەو شەقامە نزیکتر بوویتایەتەوە گەردەلوولی مەرگ بەزێن تیاتدا هەڵی دەکردو باخچەی دەرونتی لە پوش و پەڵاشی زەردهەڵگەڕاو پاکژ دەکردەوە.

کەژاڵ ئیمپراتۆریەتی جوانی، وردە وردە ژیانی پێت دەبەخشی، هێندەی پێ نەچوو عیشقێکی شێتانە تیاتدا چەکەرەی کرد، تا وای لێهات دیسانەوە کەوتیەوە بەر هەنگاوە بێهودەکانی سەر شۆستەو شەقامەکانی شار،بەڵام ئەمجار سەرنجت بە سەر شتە جوانەکان دەچوو، هەر لە سەر زەویەوە هەتاوەکو ئاسمان ، کاتێ لە گێتی رادەمای واتدەزانی خۆرو مانگ و ئەستێرەو شەووورۆژ و هەموو کاتەکان و هەموو وەرزەکان، تەنیا لە پێناوی ئێوە دروست بوون، سات بە سات چەشە روحیەکان لە برەوداندا بوون و داوای ئارامیان دەکرد، توانەوەی نیگات لە دووتوێی روانینی ئەوو نیگای ئەو لە تێڕوانینەکانی تۆ تەنها پەرەسێنی عیشقێکی شێتانە بوو،تا وات لێهات بڕیارێکی نوێ بە خۆت بدەی، ئەویش هاوبەشی کردنی کەژاڵ لە کاروانی ژینت، چی تر بێ ئەو ناتوانی ئۆقرە بگری و درێژە بە ژیان بدەیت، خۆتیش نەتزانی چۆن ئەم خەیاڵە بوو بە واقعێکی دروست بووی نێوان خەون و خەیاڵ،

دەهاتە پێش چاو ، کاتێ وتت: دەبوایە هەر پاش کەژاڵ بڕیاری خۆمم بە جێ بهێنایە. هاتەوە یادت کە ئەو کات باوکی منداڵێکی شەش ساڵ بووی و نەدەکرا بە تاق و تەنێ جێی بێڵی، نەك خۆت لە ناو نەدا بەڵکو نزاو تکات لە خوای خۆت عەرشی کردگاری هێنابووە لەرزین،ئەوەندە بمێنی تا ببینی لە سەر پێکانی خۆی دەوەستێ،بەڵام نزاو تکاو سوجدە بردن و داواکاری نەدەبڕایەوە، ژنی بۆ بێنی، منداڵەکانی گەورە بن ، هەموو تەمەنت بە نزاو تکاو سوجدە بردن بەڕێخست،چاوەکانت لێکناو لە بەرخۆتەوە گوتت: من ئەو پیاوەم کە پێش پتر لە هەفتا ساڵ بڕیارێکم دابوو ئەنجامی بدەم، وا ئێستا لە ناو پێخەفی مەرگ راکشاوم و کەچی هێشتا نزاو تکا دەکەم جارێکی دی نەبەز ببینمەوە.

وا پازدە ساڵە نزاو تکایەکی بێ سوود دەکەی ، شێوەی نەبەزو کەژاڵ تێکەڵ و پێکەڵ دەهاتنە پێش چاوت،هەندەی پێنەچوو هەردووکیان لێت پەیدا بوون و دەستیان بۆ درێژ کردی، بانگیان دەکردی، سەرت قورس بوو، وات هەست دەکردخەریکی دەڕشێیەوە، شتێك دڵتی دەگوشی، لە گەڵ توندتر بوونی دڵ گوشینەکە دەستەکان نزیکتر دەبوونەوە،هەردوو دەستت بەرز کردبوەوە، دەتویست دەستیان بدەیتێ، پێیان بڵێی : لە گەڵ خۆتانم ببەن.

باوکی نەبەز لە گەڵت دەدوا، ئاگات لێی بوو، بەڵام نەتدەزانی دەڵێ چی، حەزیشت دەکرد وازت لێ بێنێ و لێت دووركەوێتەوە،بە





هەرچی جۆرێ بوو دەستی خۆتت پێیان گەیاند، باوکی نەبەز چاوی لێ بوو، کە چۆن جووڵەیەکی وەك تەکانت بە سەرتداو بێ جمەو بێ سرتە لێی راکشایت و بڕیارەکەشت ئەنجام نەدا.

## بۆ سامان

لە ژیانمدا گەلێ هەواڵی ناخۆش، دڵتەزێن، سەر سوڕهێنەر، بێ بایەخ و بێ ئەسڵم پێ گەیشتووە، هەندێکیان نەخشاون بەسەر لاپەڕەکانی ژیانمەوە، هەر یەکە بە قەبارەی خۆی کاریگەرێتی هەبووە لە دروستبوونی هەست و نەست و بۆچوون و جۆری بیرکردنەوەم و کوشتن و ژیاندنەوەی شانەکانی مێشکم، ئەم هەواڵانە لەیاد ناچنەوە، بەتایبەتی هەواڵە دڵتەزێنەکانی باڵی رەشی مەرگ داگەڕاوی سەر روحی هاوڕێ و هامڕازان، ئێوارانێك بوو ئەوەندەم زانی فوئادی هاوڕێم دەرکەوت، بە کزیەکەوە ئەحواڵی پرسیم، منیش بە ئامادەیی بیستنی هەواڵێکەوە وەڵامم دایەوە، بەدوو چاوی فرمێسك تێزاوەوە تێی روانیم و پێی راگەیاندم کە سامان خۆتان خۆش! هەر وەکو هەموو کاتێکی بیستنی ئەم جۆرە هەواڵانە، مات بووم و قسەم بۆ نەدەکرا، بێ ئەوەی دڵۆپێ فرمێسك لە چاوم بێتە خوار، هەرچەندە چاوەکانی من دوو کانیاوی لەبن نەهاتوون، رۆژی چەندەها جار لەکاتی مەلەکردنم لەدەریای بیرەوەریەکاندا چەند دڵۆپێکی وەکو شیرگەرم لەهەردوو گۆی مەمکی چاوەکانم دێنە خوار.

بۆ سبەی ئێوارە لەگەڵ فوئاد بەرێکەوتین بەرەو تەکیەی شێخ محی الدین کاتێ گەیشتین بە درێژایی سی چل مەتر زەلام بەپێوە





# بۆ سامان

– ئا تێگەیشتم.. ئەمڕۆ هەینیە دەتەوێ هەروەکو هەموو هەینیەکانی دیکە پشوو بەخۆت بدەیت و بچی پیاسەیەکی جادەی کۆماری بکەیت، بەڵام من ئەم ئێوارەیەت لێ تێك ئەدەم.

هەرچۆنێ بوو هەستاین دەرچین، کاتێ کەوتینەڕێ نیوەی خەڵکەکەش هەستانە سەر پێ، دیسانەوە دەستم کرد بە پێکەنین، تۆ بڵێی ئەمانە ئێمە بە شتێك تێ گەیشتبن؟! بێ گومان ئەگینا بۆ وا لە حزورمان هەڵدەستن!

– چیە سامان وا دیارە بووی بەشتێك و ئاگامان لێ نییە، ئەگینا خۆ بۆ من بە ڕێزەوە نەوەستاون.

بەدەم ڕۆیشتنەوە پێدەکەنیم و تەماشای ڕاوەستاوەکانم دەکرد، ئەوانیش سڵاویان دەکرد

–ئەوە چیە سامان باوکو براکانیشت لێرەن.

سەری شەرمەزاریم لە ئاستیان دانەواندو دەرچووینە دەرەوە.

وتم ـ سامان ئەمڕۆ حەز دەکەم بە کۆڵانەکانی ئیسکان پیاسە بکەم.

بەو جادەیەی کە گۆڕستانەکەی دوو لەت کردووە کەوتینە ڕێ ، تاوڕێکی لای ڕاستم دایەوە گۆڕەکەی مامۆستای مەردان خۆی دەنواند.

وتمـ سامان چۆنە ئێستا بداتە چریکەو، ئای ئایێك بانگ کات؟ سامانیش هەر دەیوت ئەوە سامان سامانی چیتە؟!





وەستابوون، تا بەرەو ژورتر دەبووینەوە تەمەن بەرەو ژورتر هەڵ دەکشا.

لە ریزێکەوە دانیشتین گوێمان بۆ ئایەتە قورئانیەکان شل کردبوو، بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو دڵگوشین و خەم بەرەو رابردوو هەڵی فڕاندم، بە سامان ئاشنا بووم، بەدەم ژیانەوە دەتریقایەوە، هەردوو بەگاڵتە کردن بەم ژیانە پێکەنینمان دەهات، لەم دەریایە سەوڵم دەوەشاند، ئاگام لێبوو سوخوتمەیەك درام.

– پێ مەکەنە عەیبە

تەماشایەکی لای چەپم کرد ریزێ کوڕی گەنج و قۆز دانیشتبوون ئاوڕێکی لای ڕاستم دایەوە سامان تەماشای دەکردم لێم پرسی.

– ئەرێ ئەم هەموو گەنجە چی ئەکەن لێرە؟!

– نازانم!

– نازانی؟!

پێکەنینم هات بە وەڵامەکەی

– پێم وتی عەیبە. پێ مەکەنە.

چەند قسەیەکی دیکەم کردو دیسانەوە پێ کەنیم، دەستمی گرت و وتی:

– هەستە با بڕۆین.

–بۆ کوێ؟!

– چوزانم هەر لێرە دەرچین.

– چیە بێزار بووی باشە چیتر من قسە ناکەم، تۆ قسەم بۆ بکە، باسی بەشی ناوخۆی کۆلێجم بۆ بکە، باسی شێرەو هاوڕێکانت، تو سەری خۆت گەر بۆم باس نەکەی، ئەوە چیە سامان جگە لەوەی لاواز بوویتە بستێکیش درێژ بووی، جا گەر بەقسەی برای خۆت دەکەی پێش ئەوەی پرچەکەت سپی داگەڕێت ژن بێنە. ئاگام لێیە دایکت چەند بە حەسرەتی ژن هێنانتەوەیە، کوڕە گەورەی ماڵ لای دایك گەلێ شیرینە، سوێند دەخۆم گەر ژن بێنی خۆشترین زەماوەندت بۆ دەگێڕن، دایکت خۆی سەرچۆپی دەگرێت، جار جار چاو لە بووکی چاوگەش و ناسك دەگرێت و چاوێکیش لە ژنەکانی دی و بە چپە پێیان دەڵێ دیوتانە چۆن کچێکم بۆی دۆزیەوە، هەر لایق بە خۆیەتی، ئێمەیش جگە لە خزمەتکردن جار جارە دەستیش دەگرین و هەڵبدەپەڕین، وردە وردە ژمارەتان زیاد دەکات، جارێ کوڕ، جارێ کچ، لەلای ڕۆشنفکرێکی وەکو جەنابیشت هیچ جیاوازیەك لە نێوانی ئەو دوو ڕەگەزە نیە، ئەیچۆن سامان گیان، ئەم بێ دەنگیەشت نامێنێت، دەی بەڵام زووکە ژنەکەت بێنە، دەزانم دەترسێی و ناتەوێ بەرەو پیری بەرێکەوی دەتەوێ ، هەر بە گەنجی بمێنیتەوە، ئەوە چیە سامان ئیسکان بۆ وای لێهاتووە؟! ئەو خەڵکە بۆ وا چارەیان ترشاوە؟! چیان لێ قەوماوە؟ تۆ بڵێی کارەساتێ نەبو بێ و ئێمە بێ ئاگابین لێی؟!

– ئەوە چیتە؟ وڕێنە ئەکەی؟





– وڕێنەی چی؟ دە تۆ تەماشای ئەو خەڵکە بکە تەماشای خۆتیش، تۆیش هەموو کات وا خەمباری دەڵێی بازرگانەکانی ڤینیسیای پاپۆرت نوقوم بووە تاقەتی هەموو کەست نیە لەگەڵیا بدوێی، تەنها چەند کەسێك نەبێت.

– واز لەم وڕێنەکردنە بێنە، تکات لێ دەکەم وا لەخۆت مەکە خۆ ئێمە لە ڕێبوارێ زیاتر چیترنین لەم ژیانە، شایەتمانێ بێنەوەو وەرەوە سەر خۆت.

– بۆ ناڵێی تێك چووم؟

– بەڵێ تێك چووی.

– من؟

– ئاتۆ

– چۆن؟

– تەماشایەکم بکە سەرنجدە بزانە من کێم؟

– تۆ..تۆ

– بەڵێ من.. بەڵێ من.. من فوئادم سامان نەما سامان ڕۆی سامان مرد،.مرد،.مرد.

کاتێ هاتمەوە ئاگایی خۆم فوئاد لە شیوەنێکی گەرمابوو، سەریم نا بە سنگمەوەو وتم

–بەسە فوئاد گیان بەڵێ ئێمە لە ڕێبوارێ پتر چیتر نیمان لەم ژیانە.

# سێبەرە زەبەلاحەکان





## سێبەرە زەبەلاحەکان

کابرایەکی کاملْ، کابرایەکی بە فام پشتێنی توند توند لەسەر ناوك شەتەکداوە . هزری بەو پریاسکەیەوە خەریکە کە لەو کاتەوەی ئازوقە بە نوکی تیژی ڕم بەدەست دەهێنرا بە کۆڵێوەیەتی . ئەو کاتە ئەو پریاسکەیە تەنها دوو ژەمە خۆراکی کالْ بوو . ئەو کابرایە ئەو کۆڵەی بەر نەدایەوە، ناواخن بەردو کانزای پتەو نەبوو . شتێك بوو، ڕەنگی دەگۆڕا . بۆنی دەگۆڕا . ڕوحی تێدەکەوت . جمەی لەگەڵ جمەی هەڵگرەکەی بوو، ئەو ناواخنە دەبووە هەست، دەبووە نەست، دەبووە سۆزو ویژدانو دەبووە سنوور بۆ مافەکانی، ئەو بارە دەیگریانو دەیهێنایە پێکەنین، دەیتواندەوەو دەیبوژاندەوە، دەم دەم بوو، کەچی هەر لە کۆڵیدا بوو پێی نەدەکرا لەعاردی بنێ، دەیوت هەرگیز ناکرێ . هەر ئەو بارە دەیدایە بەر کرێوەی سەرما و تۆفان، دەیدایە بەر نوکی تیژی نەشتەر، دەیدایە بەر برسێتی و چەشتنی تاڵی . ئەو پریاسکەیە وا لە کۆڵیاو هەر بەڕێوەیە . بە هەورازو نشێو، بەکونە ئەشکەوتەکانا . بەهەموو ئەو ڕێگە تەنگە بەرانەی کە ئەو سەری ئەژدیهای حەوت سەرو دێوی زەبەلاحی مەمك لەم شانو لەو شان چاوەڕێی دەکردن . زیق زیق چاوە زیتەیان بوو، پەنجەی هەڕەشەو گوڕەشەیان ڕادەوەشاند . ئەم ڕێبوارە ماندوو

و مۆری هەموو چاخەکانت بسڕەوەو بچۆ لەپاڵ ئەو سێبەرە زەبەلاحانە یاڵدەرەوەو سیغاری پێکەو سەر خەوی بشکێنە.
چاوت کز بووە، سکت بە پشتتەوە نوساوە . قوڕگی وشک هەڵاتووت، وەك بیابان شەقار شەقارە . لالەی ڕدێن چەرمی . تەماشایەکی پریاسکەکەت بکە هەرچی مێشو مەگەزی دنیایە بەشوێنتەوەن، وان بەلمۆزی پریاسکەکەتەوە، هاکا دەمیان واڵا کردو هەموو هەڵڕژان بە سەرتا . تەماشایەکی دەورو پشتت بکە کەس نەماوە، هەموو لەحەسانەوەن . تۆش فام وەبەر خۆت بێنەوەو ئەو دەستە ماچکە کە دەیەوێ یارمەتیت بدات . بەڵێ ئەم کابرایەیان وا تێگەیاندووەو ئێستا خەریکە وا بیردەکاتەوە، کاغەزە ڕەنگاو ڕەنگەکان و سێبەرە زەبەلاحەکان، وا ختوکەی دەدەن. هاکا پریاسکەکەی داناو دایە قاقای پێکەنینی بێ فامی ئەو هەموو تەمەنەی خۆی، شوکری خوایش دەکات کەمرۆڤ وا ژێر بوونەو خەریکن کەللە ڕەقەکەی ئەمیش نەرم دەکەن .



سەمای ڕوح ................................................ نەوزاد یوسف کاکەیی

نەناسە چەندەها کەوشو کڵاشی پتەوی دەسکردی وەستا نایابەکانی قەڵای دمدمی فرێدا بوو بەلەتلەتکراوی، کەچی هەرگیز هزری بەوەدا نەدەچوو کە بارەکە بەرداتەوەو لێی ڕاکشێ . ڕەنگی ڕووی بە ڕەنگی ئەوەوە بوو . بۆیە هەردەم وەك بلوور بێ لە کە دەبریسکا یەوە .لە یەکەم ڕۆژی پەیدا بوونیانەوە گۆڕان شتێکی هاوبەش بوو تیایاندا، هەردەم لەگەڵ یەکدی دەگونجان، ئەو پریاسکەیە لەگەڵ جەستەی لەگەڵ تەمەنی پێك دەهاتەوە، بەڵام سەد حەیف، لەگەڵ یەکەم ئامێر، لەگەڵ بنیاتنانی یەکەم کۆشکی بەرد، ئەم کابرا تەمەن درێژە هەستی دەکرد بە بارگرانی پریاسکەکە . هەستی دەکرد ئازاری شانو قۆڵی دەدا .
لەچاخە بەردینە کانەوە بەڕێوەیە، پێی پیرۆزی هەموو پێغەمبەرەکان بەسەرچاوی ئەما ڕابوردن، کەچی هەرگیز بۆ ساتێکیش نەك ئەو بارەی دانەنا بەڵکو بەبای خەیاڵیشیا نەدەهات کزە بایەکی بێزاری بەسەر پێدەشتی ڕەنگاو ڕەنگی دەرونە پاکەکەیا ڕابورێ . بەڵام ئاخ ئەوەتا زەویەك نامۆ پێی.ئاسمانێك نا ئاشنا پێی. دەوریان لێ تەنیوە . مامەڵە کەوتۆتە ئاراوە . دوو دڵی و گومان لە دڵە لاواز بوەکەی، لەدڵە مانوەکەی، چوقەرە دەکا، ئائەوەتا خەیاڵی وێنای س چەند کاغەزێکی ڕەنگاو ڕەنگ دەکا.
وا چەند کەڵەکبازێك خەریکن باری سەر شانی کابرا دادەگرنو پێی ئەوشن . لالە دنیا ئەوەند ناهێنێ . وەفەقیانەکەت ئارەقەی شین

## ژووان

بـەدڵێکی پـڕ بـەزەییو دەمـارێکی تونـدەوە، گوێـت بـۆ وردە گلەییەکانی هەڵخستبوو.

جۆگەلەی فرمێسك سێوە لا سوورەکانی ڕومـەتی تـەڕ کردبـوو.

پێی سەیر بوو، کە ئەو دەمەتەقێ وشکە، خەریکە دەبێتە هۆی سڕینەوەی چیرۆکێکی بەتامو چـێژی عیشـقبازی، چـەند سـاڵە لەگـەڵ قسـە کردنـدا کـەوتبووە چـاوبڕکێ، لەگـەڵ کاتـژمێرە هەڵواسـراوەکە، کاتـژمێر یـەکی پـاش نیـوەڕۆی هـەموو ڕۆژێـك جیاواز بوو لەساتەکانی دی . زەنگی تەلەفۆن لەو کاتەدا بانگی عەشـق بـوو، وا سـاتەکانی ئێسـتاش بـەدەم چـرکە چـرکەوە دەسرێنەوەو دەبنە سووتوو لەبەر پێی ساتە دڵخۆشکەرەکە .

بەڵام دڵ بێ هیوایە لەو خۆشیە. پێت وت

ـ بڕوابکە خۆشی دەوێی ئەم شـتانە دەلالـەت لـە خۆشەویسـتی بـەهێز دەکـات .واخـەریکـە کـاتی ژووان نزیـك دەبێتـەوە بـەڵکو دیسان زەنگە شـادی هێنـە رەکـە لێـی دایـەوە؟! بەچـاوی پـڕ خۆزگەو گومانەوە وتی:

ـ نا..تەلەفۆنیش بکات وەڵامی نادەمەوە !.





# ژووان

ئەومەسەلەی تەلەفۆنەت مەحالّ هاتە پێش چاو بێگومان بوویت لەوەی کەنایکات .. بۆیە ویستت ئەو ڕستەیە بە شتێکی دیکە بسڕیتەوە.

ـ گویّ مەدەریّ . پێویستە خۆت بە لاواز نیشان نەدەیت، بێگومان ئێستا ئەویش ئازار ئەچێژیّ و بەئاواتی بیستنی دەنگتە، ئەوەندەت زانی پاشگەز بۆوەو داوای لێبوردنی لێکردی.

بیّ ئەوەی ئاگات لە کات بێت، زەنگی تەلەفۆنەکە ڕایچڵەکاندی . نیگایەکی پڕ وشەی تاساوتان لەیەك گرت و بەرەو تەلەفۆنەکە چووی، بەدڵە کوتەوە دەستت بۆ بیستەرەکە بردو لەبەرخۆتەوە گوتت:–خوایە ئەو بێت . بیستەرەکەت نابەگوێتەوە

ـ ئەلو .. ئەهلەنبەلّیّ ..بەلّیّ .

بیستە رەکەت بەبیّ دەنگی بۆ ی درێژ کرد، ئەویش بە شەرمەزاری و بەدەم چاو سڕتنەوە لێی وەرگرتی، بەتاو پشتت لێی کردو مۆڵەتت بەو دڵۆپە فرمێسکە شادییە قەتیسماوەی چاوت دا شۆڕ بێتەوە، لە ژورەکە دەرکەوتیو دەرگاکەت بە شوێنتەوە داخست .

نیمچە کتێبخانەیەکت لەژێر مێزەکەی پێشت دانابوو بۆ هاوڕێیەتیت لەکاتی مەلەوان کردن لە دەریای خەیاڵ هەر جارە یەکێ لە کتێبەکانت بەسەر دەکردەوە و لێك دەئالآن، واناملیکە شیعرێ شێواندوتێتی زۆر بەڕێزەوە لەپێشی خۆتت دانا، جگەرەیەکت پێکرد، مژێکی قووڵت لێدا،وەکو بڵێی بۆشاییەکەی ناختی پێ پڕ دەکەیتەوە،دووکەڵەکەت بەرەو دەرەوە پاڵ پێوەناو بۆشایی پێش چاوتی لێڵ کرد،چاوەکانت بەشوێن هێڵنکی باریکی دووکەڵەکە بەرەو بەرزی ڕۆیشتن، تاڵە دەزوویەکی مێشکت پێیانەوە گرێداو بەرەڵات کردن،بەئاسمانی ڕەنگاو ڕەنگی باخچەی شیعرەکان دەخولانەوە، تەماشایەکی پیرێژنێکی چەماوەی پاڵ درەختێکی ئەستوریان کرد،داوی نیگای لە عیشقبازی دوو دڵداری بن سێبەری درەختێك ئالآندبوو، لەولاتریشەوە پشیلەیەکی سەرزل چاوی لە هێلانەی سەردرەخێك بڕیبوو، لیرگاو لە دەمیەوە دادەچۆڕا، چاوەکان چوونەوە بەرجەستەت،سوخوتمەیەکی پیرەژنەکەیان دا، ئەویش راچڵەکی و پشیلەکەش هەڵهات،دوو دڵدارەکە زۆربەخەمناکی بۆسەکەیان جێ هێشت، غەڵبەغەڵبێك لەگەڵ چاوەکانتا گێڕاپتیەوە پشت مێزەکەت،دوو کەس بەرامبەرت وەستابوون.

ـ ئەوە نابینێ هۆشی نییە.

ـ نا . نا . ئەوەتا چاوی لێمان بڕی.

دەستێکت بەچاوەکانتا هێنا لەجێی خۆیان بوون، بەڵام سەری پەنجەیەکت تەڕ بوو، وات لێك دایەوە کەشەونمی سەر درەختەکان بووبێ ، جگەرەکەی دەستت نیوەی سوتابوو، مژێکت لێداو هەستایتە سەرپێ کڕیارەکان بەڕێخەیت.





# مەلەوان

مەلەوان

## کاری ئەمڕۆ

ـ پیاوەکە واز لەم کاغەز و ماغـەزە بێنـە . بزانـە خـەڵکی چـۆن ئەژین ئێمەش هەر ڕوتو قوتین .

هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا، بڕیاریدا کارێ بدۆزێتەوە، وای بەمێشکدا هات کەناو بازاڕ باشترین شوێنە، بە ڕوویەکی پەژارە داگرتوو هەستا پێڵاوەکانی لە پێکرد .

- ها بۆکوێ ؟!

- ئەڕۆم شوێنێ ئەدۆزمەوە مێزێکی لێ دانێم .





# کاری ئەمڕۆ

پەشیمانیو میهرەبانی لە ڕووی ژنەکەی بەدی کرد . بۆیە دەستی توند گوشی ـ حەقی خۆتە ئەو قسانە بکەیت . من زۆر کەم تەرخەمم . خوا حافیز.

–لە ئەمانەتی خوا بیت .

زۆر بەتاوو دڵی پڕ هیواوە ڕووی لەبازاڕ کرد، چاوی بۆ شوێنێ گڕ ئەدا لەناکاو ناسیاوێکی دۆزیەوە.

– ئەم کاتەت باش.

– سەرچاوم بەخێربێی یاخوا.

– ئەرێ ئەمەوێ شوێنی مێزێکی بچوکم دەست بکەوێ و کارێ بکەم.

– هەی بەسەر چاوان چی بۆ هەیە، هەر لەتەنیشت خۆمەوە دات ئەنێم. ئافرەتێکی ریوەڵە بەنیازی فرۆشتنی فەخفوریەك کە بە دەستیەوە بوو ڕووی لێیان کرد . پاش هێنان و بردنێکی زۆر بە پێنج سەد دینار فەخفوری لێ کڕی پاشان ڕووی لەم کرد .

– کاکەم پێویستە بزانی چۆن کاردەکەی، کاری ئەمڕۆ هەروا سانا نییە .

یەکێك قسەکەی پێ بڕی .

– ئەرێ برا ئەم فەخفوریە بای چەندە .

– قوربان بێ مەعمەلە؟





– بەڵێ .

– بەوەندە سوێندو قورئانە (750) حەوسەدو پەنجا دینارم پێداوە هەزارم بدەرێ بیبە .

بێ ئەوەی خوا حافیزی لە هاوڕێکەی بکات راست گەڕایەوە بۆ ماڵەوە، خێزانەکەی لێی پرسی ها چیت کرد؟

بێ ئەوەی ئاوڕی لێ بداتەوە

– شوێنم دەست نەکەوت.

## پاشەنگاو! !

ترس و هاتو هاواری ناوەخت وەئاگای هێنای، هەردوو زرانیت نووساند بووە سنگتەوە, دڵە کزبووەکەت زۆر وەتاو وەگەڕ کەوتبوو، چاوێکت وە دەورو
پشتو بنمیچەکەی سەرتەوە گێڕدا، تاوێك لەو ساتی پێش وە ئاگا هاتنەت ڕًامای، سەیرو سەمەرەییو ترس تابلۆقەیان دای. لەبەر خۆتەوە گوتت. مرۆ وایشی بە سەردێ! وردە وردە خۆت خاو کردەوە. هەستایتە سەر پێ ، چەند هە نگاوێکت بەرەو نوا هڵهێناو دیسان پاشە و پاش گەڕایتەوە جێی خۆت. دیسان بە واق وڕمانەوە تێی رامایت و نەتزانی چۆن بوو وا هەموو لەشت وشك هەڵگەڕا
تووشی پاشەنگاو بوبووی. نەتدەتوانی یەك هەنگاو بەرەو پێش هەڵێنی.تەنها پاشو بەس. لە حەژمەتا ئارامت لێ بڕابوو،





# پاشەنگاو! !

بە پەلە هەموویانت راست کـردەوە، بڕیارتـدا نەنوێیتـەوە تـا ڕۆژ هەڵنەیەت.





دەتویست یەك بست بەرەو پێش بچی بێسوود بـوو، تـەنها پـاش چـاوەڕوانی مۆڵـەت بـوو، یـەك بسـت جـێ ی هـەنگاوەکانت نـەدەبینی، لـە ڕۆشـتنا چـەندەها شـتی ناسـکو جوانـت پێشـێڵ دەکرد.

فرمێسـکی پەشـیمانی و بێدەسـەڵاتی خۆتـت بـە سـەرو روومەتـدا دەڕشت، نەتدەزانی هـەنگاوە بێهودەکـان بـەرەو کوێـت دەبـەن، هەنگاوەکانت ڕێی راستییان نەدەدۆزیـەوە، شـەوو ڕۆژ، رونـاکی و تاریکی چ جیاوازیەکی نەبووو بۆت، بەدەم ناڵەو ئێشی دەروونەوە ڕێت دەبڕی، دنیات لا سەرەو ژوور بوبوو بە ئادەمیـت نـەدەکرد.

لە چی تێپەڕ بویتایە نەتدەتوانی بگەڕێیەوە سەری و وروژانەکـەت تا دەهات پەرەی دەسەند، بەڵام نەتدەویست بوەستی، بەردەوام بووی لە هـەنگاوی پێچـەوانە، بێگوێدانـە توولـە ڕێیەکـە بـە هـەرچ لایەکدا بچویتایە گرنگ نەبوو، تا دەهاتی گورجتر هەنگاوت دەنا، خوڕەی فرمێسکی پەشـیمانی دادەبارینـە سـەر ئـەو شـتانەی کـە لـەبن هـەنگاوە نابیناکانتـدا دەپلیشـانەوە. فرمێسـك بینـاییتی شێواندبوو.

نەتـدەزانی بـەکوێ گەیشـتووی، پـاش چـەند سـاتێك هەرچـی بارستایی لەشت بوو بە توندی دابەزیە کەندێکەوە.

دەست بۆ پەرداخە ئاوەکە برد، دوو سـێ قومـت لێـدا، گـەرووت تۆزێك فێنك بۆوە. هەناسە سوارێکەت لە کزی دەدا. تەماشـایەکی ئەملاو ئەولای ژوورەکەت کرد. منداڵەکانت سەرو قـوچ بوبونـەوە،

## نووستن

هەرگیز چاوەڕوانی چەرمەسەری و سیاچارەییەکی وات نەدەکرد، خۆتیش نازانی چۆن وا وردە وردە تاریکی باڵی کێشا بەسەرتا، ژوورێکی رەق و تەق، لێڵیەکەت بە هەورە درۆزنەیەکی بەری رۆژ دەزانیٚ، دەتوت هاکا سوارێکی پێشەنگ بایەکی بە ئاستەم دەسبەندی رکێفی دەبیٚ و بەری رۆشناییەکە دەکاتەوە، نەتدەزانی بولێڵەو پێشوازی هێرشی شەوە زەنگێکی نوتەك دەکات، وا ئێستا وەکو دڕندەیەکی پەلو پۆ شکاو بە چوار دەوری خۆتدا تل دەخۆی، وەڕسیت لە هەناسەی پەنگەوە خواردوی خۆت ئازارت دەدا، بۆنی شێداری شەقڵەکانی بنمیچەکەو بۆنی خنکێنەری کەفماڵە کەفکردووەکەی دیوارەکانی دەوروبەرت هەناسەت تەنگ دەکەن، وەکو شەو کوێرێك بە پەلەکوتیٚ دەلاقەیەك نەدەچووە ژێر فەرمانی بەرزیتەوە، ئەوەش نەبوو بە سانایی دەسبەرداری ئەو هیوانەزۆکە بیت، تا دەهات پەلە قاژەو تەقەلات پەرەی دەسەندو تاریکیەکەش خەستتر دەبۆوە، تاوای لیٚ کردی وەکو کەنەفتێك لە سوچێکا گرمۆڵە بیت و پابەندی خەونێك بیت و چاوەڕوانی تیشکی گزنگی بەیانێك بیت وەئاگات بێنیٚ.





# نووستن

دەمێ بوو نەبـەزی هـاوڕێم نـەدیبوو، حـەزم دەکرد سـەردانیەکی بکـەم، خـۆم گۆڕیـو لەماڵـەوە دەرکـەوتم کـاتێ گەیشـتمە سـەر کۆڵانەکەیان چاوم پێوە بوو نەبـەز بەدەسـت ڕاوەشـاندن و بـت و بۆڵەوە لەماڵ وەدەرکەوت، دایکیشی بە شوێنیەوەتا دەرگا هات، نەبـەز بـەرەولای مـن دەهـات و دەمـی دەجـوولا کـەنزیك بـۆوە ئۆتۆمبیلێـك خـۆی کـردە کۆڵانەکـەیا، بەتونـدی دایـە نـاو جۆگـە سیانەکە .. هەندێکی بەر نەبـەز کـەوت، نەبـەز دەسـتی کـردەوە دەست ڕاوەشاندن و جنێودان، خۆم پێ گەیاند.

– چۆنی نەبەز ؟

– هیچ باش نیم.

– بۆکاکە لەبەر ئەو تۆزە ئاوە ؟

– ئەوە تۆزێ ئاوە ؟ ئەوە ئۆتۆمبیلی بەدەسـتەوەیە گـەر ئـاگری پێ بوایە دەمیسوتاند..

- چیە بۆ وا خۆت تێکداوە؟

- نەبەز ئاخر وایە وا.

بەرەو شوێنی پاسەکە کەوتینە ڕێ، رووی دەمی لێم کرد.

–باشە ئەوە تۆ بۆدیار نیت؟

– کاکە چی بکەم ناپەرژێم.

– هیچ کەس ناپەرژێ، بە هیچا ناپەرژێن.

ئینجا من رووی دەمم لێ کرد.

– باشە ئێستا نیازی کوێت هەیە؟





# ماندوو نەبی

ماندوو نەبی

— کوره ئەوە چەقە چەقی چیتە لەگەڵ کێتە؟ منیش بۆسارکردنەوەی

ببورە کاکە لەگەڵ تۆی نییە .

— نا زۆر بێ ئیحترام دیارە.

نەبەز : نەوەڵە ئەم عالەمە کوێربوونە خۆهیچ نابینن .

شوفێر : کاکە دەمت دادەخەی یان داتگرم.

— باوکم صەڵەوات دەن، بڕۆ کاکە بڕۆ . ئیتر هەموو بێدەنگ بوون، کاتێ هەموو دابەزین ژنەکە ئەوەندەی دیکە دوعای بۆ نەبەز کرد، کەوتینە ڕێ بەرەو بازاڕ .

ـ باشە نەبەز تۆ بۆ ئەمەندە پەستی ؟

— پەست نیم. وەڵامەکەشی بەپەستیەوە بوو .

— باشە ئێستا بۆکوێ بڕۆین ؟

— نازانم بڕۆینە شوێنێ تۆزێ ئیسراحەت کەم .

گازینۆیەکم نیشانیدا کەوتە شوێنم، هەرکە چوینە ژوورەوە نەبەز بەپەلە بەرەو دەرەوە گەڕایەوە، منیش بە شوێنیەوە.

- کوڕی باوکم ئەمە کەی شوێنی ئیسراحەتە.

دیسان کەوتینەوە پیاسەکردن، دەستێکی کردە گیرفانی،

ـ هەموو شتێکت لەبیرم بردەوە.

کاتژمێری ژنانەی دەرکرد.

با بچین بۆ لای ئەو گەوادە سێ چوار جار ئەمەم بۆی بردووە، کەچی هەر ئیش ناکات. بەرەو شەڕێکی دیکە کەوتینە ڕێ ،





— نازانم بۆ شوێنێ ئەگەڕێم ئیسراحەت بکەم.

گەیشتینە شوێنی راوەستانی پاسەکان، سێ کەسی دیکە وەستابوون، کابرایەکی قەڵەو، کوڕێکی لاوی ناڕێك، ئافرەتێکی لاواز بوخچەیەك و گونیەیەکی لە پێش خۆی دانابوو، پاسێك راوەستا، کابرای قەڵەو خۆی خستە پێشەوەو زوو سەرکەوت، پاشان من و نەبەز بە تەنیشت کابرای قەڵەوەوە دانیشتین، شوێنەکەمان زۆر تەسك بوو، ژنە گونیەکەی خستە ئۆتۆمێلەکەوە، پاشان بوخچەکەی ، کابرای شۆفێر هاواری لێ بەرز بۆوە.

ـ ئەوە چیە بابە ئەوە چیە؟ دایانگرە خۆ پیکابم پێ نیە؟

نەبەز گرتی لە گونیەکەو لە باوەشی خۆی دانا، ژنەکە سەرکەوت و لە پشت دەرگاکەوە دانیشت، دەستی کردە دوعای خێر بۆ نەبەز، نەبەز دەنگی لێ بەرز بۆوە.

— خۆ ئەم عالەمە هیچ ویژدانی نەماوە، خەریکە ژنەکە دائەگریتە خوارەوە، کابرای شۆفێر :جادای ئەگرم دەسم خۆش بێت، خۆ پیکابم نییە، نەبەز ئیشارەتێکی بۆ کابرای قەڵەو کرد .

— جاتوو شەرەفت ئەم ژنە خۆی و شتەکانی بەقەد ئەمە قورس ئەبن؟ هەموو نەفەرەکان دەستیان کردە پێکەنین، من بەزۆر خۆم گرت، چونکە لە تەنیشتمەوە بوو، کابرا چاوی پەڕیە پشتی سەری، رووی لە نەبەز کرد .

- خاڵی چی.. کوا خاڵ لەسەر لووتم.

– ئەوەتا بۆچی حاشای ئەوەش ناکەی؟ یەخەی نەبەزی راتەکاند

- بێنە پارەکەم بدەرەوە گەر شایەتیم بۆ نادەی.

نەبەز تەواو سووربۆوە دەستی نایە قورگی کابرا بە زۆر لە ژێر دەستیمان دەرهێنا، ئەویش دیسانەوە هاتە پێشەوە، دەستی بۆ لایەك درێژكردو بە پێكەنینەوە بە نەبەزی وت : تەماشای ئەوێ بكە، ئەها كامێرای شاراوەیە نەبەز تەماشایەكی كرد كامێراكەی بینی وتی چییە؟

– كامێرای شاراوە.

نەبەز تا توانی مشتێكی كێشا بەناو دەمیاو خوێناوی كرد، بەرەو كامێراكە چوو كامێرا بەدەست ویستی هەڵبێ بەڵام نەبەز خۆی پێگەیاند، كامێرای دا بە زەویەكەدا هەر چۆنێ بوو گرتیان و بردیان.

پاش دوو رۆژ چووم بۆ لای پێم وت: چۆنی؟ وتی جارێ پێم بڵێ جگەرەت بۆم هێناوە؟ دەستم كرد بە گیرفانما پاكەتێكم دایە دەست. پاكەتەكەی كردەوە جگەرەیەكی داگیرساند قومێكی توندی لێدا.

– گەلێ باشم ئیسراحەتم.





نزیك مەحكەمە بووینەوە ئەوەندەم زانی یەكێك دەستی بۆ نەبەز درێژ كرد.

– ئەوەتا دۆزیمەوە.

نەبەز لە شوێن خۆی وشكبوو، كابرا هاتە پێشەوە دەستی خستە ناو دەست نەبەز.

– كاكە ئەوە چیت لێ هات ئەو رۆژە بۆ نەهاتیەوە؟ نەبەز رەنگی تێك چوو.

- تۆ كێی ناتناسم.

– نامناسی؟ جوانە ئەی ئەو رۆژە تۆمان نەگرت بە شایەت. كەچی دوایخۆت شاردەوە .

- شایەتی چی؟ من كەی تۆم دیوە؟

– خۆتم لێ غەشیمكە، بێنە شایەتی نادەی پارەكەم بدەرەوە.

– پارەی چی بابە، من كەی پارەم لە تۆ وەرگرتووە؟

دووان بە تەنیشتیەوە وەستابوون، یەكێكیان هەلی دایە.

– ئێ كاكە گەر تۆی پارەكەی بدەرەوە.

منیش وتم:

– بەچی ئەزانی ئەمە؟

– ئەزانم ئەوەتا بەو خاڵەی سەر لووتی ئەیناسمەوە.

تەماشایەكی سەر لووتیم كرد هیچ خاڵی پێوە نەبوو، نەبەز هەردوو گلێنەی چاوی بەرەولای لووتی هێناو ویستی سەر لووتی خۆی ببینێ، دەستێكی بەسەر لووتیا هێنا.

## فیستیڤاڵی جەستەکان

ئەی شەو بێدار، ئەی رۆح گەورە، تۆ لە خەرەندێکی بە تەم تەنراوی خنکێنەرەوە دەبینرێی، وەك ئەو دەشتی بیابانە بێکەڵك و وشك و پڕ شکو دڕکاویت، هامتای تەوێڵ تەقێنە بە رودا دەتەقێیەوە، داخۆ لە دایکبووی سەر چ دڕکو داڵ و ساڵێکی پڕ نەهامەتیت؟! لەم زەمەنی جرتێنی عەشقە وێنەو هەڵڵا هەڵلای من منەدا، ئەم رەنگ و رووەی تۆ قێزەون و نامۆو غەریبن، رۆحی تۆ گۆڕستانی لەزەتەکانتە، ئەوی دەیبیسی پەڵمە گریانی ئەوینتەو بەدیار تەرمی خەونەکانیەوە کروشکەی کردووەو لە گۆڕستانی رۆحی تۆیا شین دەگێڕێ، رۆحی تۆ تابووتی جەستەکانە، بۆ هەموو ئەمانە ئەوەندەت پاساو هەیە "ئەمانە خەون نین، مۆتەکەی سەر رۆحی بانەڕۆژن" یان دەڵێی "باڵندەی رۆحم لە قەفەسی جەستەم دیل ناکەم"، گومانت لە وێنای ئەوان داخستنی دەلاقەی تیشك لێوە هاتووی تۆیە، بەڵام سەرسەختی تۆ لە دارو بەردو تاوێری چیاکان پتەوترە.

دایکت هەموو جار بۆ رەواندنەوەی دڵە راوکێی خۆشەویستەکەت دەیگوت "بە منداڵی لە هێمن هێمنترو لە لەشی تۆ نەرمتربوو، ئەم سەرکێشیە هی خۆی نیە، هاکا لێی بۆوە" سەرکێشی تۆ کێش و بارتەقای نیە، هاوڕێکانی فەرمانگەت دوعا کردەو هیواخوازی گواستنەوەتن، کاتێ تێیاندەڕوانی لە گلێنەی چاوەکانتا وێنەی





# فیستیڤاڵی جەستەکان

هەورەکاندا بە چەپکێ تیشکەوە دەمبینی، نیگەران مەبە ئەو تاڵە تیشــکەی هــەناوت کرۆکــی رۆحــی منــە، هاکــا هــەورەکان پەرتــەوازەبوون و تیشــك وەك بــاران بــاری بەســـەر وەردی چاوەڕوانیتا". تۆ مرۆ نیت، تۆ لەتی روحێکی، تەنها رۆح و بەس، تۆ چوزانی دایکت شەیدای بینینی جەستەی رۆحێك بوو کە تۆی لێوە هاتووی، بەڵام ئەفسوس ئەو شەیداییە نە پەردەی تاریکی دەدڕی و نە دیواری هەورەکانی دەڕماند.

کرێوەو زریان و لافاو، چوار وەرزی تەمەنیان لەخۆ لولدابوو, دایکە حەسرەت دیدەکەت بەدەم هەراو زەنای خەڵکە بەئێوارە رەنگکراوەکانەوە چوو, لافاو دڕی بە هەموو شت دەداو چەندەها روح بەسەر شەپۆلەکانیەوە بەپشتە مەلە بۆنیان دەنا بەخاك و خۆڵ و کوچەو کۆڵان و کەسی خۆیانەوە و ڕاپاندەچلەکاندن و بەرەو ئەو دیو لێوارەکان هەڵدەکشان و لەسنووری هەورەکان دەرباز دەبوون و کەس نەیدەزانی ئاوێتەی تیشکی رۆژ دەبوون ؟ دەمێ بوو دڵە کز داگەراوەکەی دایکت بەلمۆزی بۆنێك ڕاچڵەکیبوو . ساڵانێکە کەڵـەبابی مـژدە هێنـەری بەیان قوقاندویەتیو وا لەساتەکانی بولێڵی دوای شەو ملە قوتێو چاو بڕیوی گزنگە . گڵکۆی گۆڕی ڕەش بۆشێك لەچاوەڕوان دیق کردو بەپەیامی تیشکێ دەبریسکێتەوە . زەمەن زەمەنی هەڵایسانی جەستەکانەو تۆ خلۆرەوە بووی قوڵایی چ خەرەندێکی ؟!





بچووکیی خۆیان بەدی دەکەن، وەك سکەی شەمەنەفەر لەسەر هێڵێکی هاوتەریب بەوانی، تۆ رێبواری رێگایەکی دژوارو پڕ هەڵەت و لەمپەری، تۆ دەسپێکی ئەم سەفەرە نیت، تۆ درێژکراوەی سێبەری پیاوێکی، میراتگری سوارێکی عەیامێکە ئاوزەنگی لە ئەسپ داوەو بەدوای پرچی زێڕینی رۆژدا وێڵە. دایکە بە مەینەت ژیاوەکەت لە چاوەڕوانی دەسو دیاری زێڕینی ئەو سوارە، چاوەکانی سپی هەڵگەڕان و بە کەسەرەوە سەری نایەوە.

سەر سوڕماوی بەرگەگرتووی جەستەی لاوازی دەم شاڵاوی جەزرەبەی خۆتی، چوار دەور تەنراوی مشکە کوێرەی چڵێسی، سییەکانت شەکەت و مانووی بۆنی پیسی هەناویانن، لەم تەنیاییە سەری خەیاڵت دەنێیتە کۆشی گەرمی دایکتەوە، کە تاکو ئێستاش وێنەی گچکەو لاوازی جەستەیت دێتەوە پێش چاو، وەك تارمایی لە تاریکی کۆلیتێك دێت و دەچێ، ئەو تاریکستانە زێدی تۆیە، تۆ تەنها تیشکێ بووی لە شەوە زەنگی درێژی تەمەنی رەشپۆشێکا دایسای، ئێستاش دەنگە کزۆڵەکەی چیرۆکی سەفەری کەڵە پیاوێکت بۆ دەگێڕێتەوە کە چۆن بە تەمەنێکی دوورو درێژی تاریکی قایل نەبوو، بە گومانەوە بەڵێنی گەڕانەوەو هێنانی چەپکێ تیشکی زێڕینی رۆژی پێدا، پێش جێ هێشتنی تاڵێ تیشکی لە هەناویا پێ سپاردبوو، چاوەڕوانی زۆری لە گڵۆڵەی تەمەن قرتاندو تەنها سەدایەك وەك خۆی مابۆوە "هەموو جار پاش نوقم بوونت لە تاریکی لە ئاسمانڕا بڕوانە، لە دارمانی

جەستەی شەلاڵی ئارەقت وەك بی نێو ئاو هەڵدەلەرزێ. کەڕو کوێرو گێژو لاڵ بووی ئەم خەونە پرسامەی . هەموو بەیانیانێك لەسەر ڕێگای نێوان شارەلێکترازاوەکان
خۆت دەبینیە وە . نەسەریان هەیەو نەپاشو نە سەرەتاو نە کۆتا . فڕکە فڕکی جەستەکانی ئەمبەرو ئەوبەرت، لەرزە بە جەستەی داهێزراوت دێنن .گوێت لێ دەبێ جەستەیەکی روح تێ خەفەکراو بەدەم قاقاوە دەڵێ "چیە خوا بەزیادی نەکا شێتێکی دیکەش زیادی کرد"
هەر لەو چەقی ڕێگایە سەری کاس بووت دەنێیە بەین ئەژنۆکانت و خۆت و جادەو شارو جەستەکان نوقمی تاریکی دەبن . هەموو ئێوارانێك ژنێکی تاریك پۆش لەیەکەم لاپەڕەی مێژووەوە هەڵدەسێتو بەرەو گۆڕستانەکە دەڕوات ,مندالە مۆن و شەرمنەکەشی لەتوێی شەقام و بێ بەزەیی سوڵتانەکانی شار، ون دەبێ و پاش نوستنی شارو مەستبونی سوڵتانەکان وسنگ کوتانی دایکی، بەهەناسە ساردی دەگەڕێتەوە دێرەکەی خۆی.
(دەشێ ئەو رەشپۆشە لە دایکی من بچێ، بەڵام هەونیە، دایکی زۆرانێ گۆڕستانیان لە ئاوەدانی لا ئاوەدانترە، ئەو مندالە شەرمۆکەش بە مندالی من دەچێ ، بەس من نیم).
هێند لەو دیمەنە سامناکە رادەمێنی بێ ئاگا دەبی لەو لیرگاوەی بەلای دەمتا دێتە خوارەوە، درەنگانێ خەونێکی پڕ ترس و دڵەراوکە ئامێزت پێیادەکاو هەندەت ئاگا لێ دەبێ لە میانەی





جەستەی تۆ تواوەی ناو کوورەی ڕۆحی داگیرساوتە . نیشتیمانت شاژنیکی چوار پەل لەخەنە هەڵسواوە، خەواڵوی ناو سەوزایی باوەشی خۆیەتی و باوێشك دەدا و دەیەوێ سەر خەوێ بشکێنێ . پێو بەڵەکی بەقەتماغەی برینی قوڵ و درشت پەڵەدارەو ئۆقرە گرتوی سارێژ بوونە . لەوەتی هەی سوجدە بردووی ئەو پێو بەڵەکەی, تەمەنێکە گیان بەسەر لەپی دەستەوە زیتو زیندو چون درەخێنکی بەتەمەن بەپێوەی . زریان و لافاو و رەشەبا نەما بەسەرتا هەڵنەکاو لق و پۆپت تێك نەشکێنێو گەڵاو بەرت هەڵنەوەرێنێ, رەگی تۆ ئاودراوی قوڵاییەکی سازگارە . بەسەری لوتکەکانەوە چوار تارمایی بەسیما چوون ئاسەوارەکان, بەوەتەری پرچی زێڕینی شاژن ئاوازی پڕ جۆش و خرۆشی سەمفۆنیایەکی نەبیستراو دەژەنن . لەپەنایشەوە مشکە کوێرەکانی سەردەم گمەی کۆتری ڕوحت ناسازدەکەن و ورد, ورد, پرچی شاژن دەقرتێنن، تۆشینەشاهۆی ئەم مەملەکەتی سەر فرازیەیو خەمی پرچی شاژنت لەخۆ لولداوە . تەرەکینی مشکە کوێرەکان سەیوانی ترس و نیگەرانی بەسەرتدا هەڵداوە .شەوان خەونێکی ترسناك ڕاتدەچڵەکێنێ .چەند قەزەمێك بەژێر لووتی بەرزی پاسەوانەکانی شاژنەوە کەجگە لە تارمایی ترسناکی یەکترو سۆسەی زانینی ژمارەی فیشەگەکانیان چی تر نابینن .دێن و زەکەری نابوتیان بە نێو مەمکو لاڕانی شاژندا هەڵدەسوون , پێش چونیانیش میزی پیا دەکەن و لە بۆنی دڵشێوێنەریان رادەبیت و

تێکچوون کردو بەتاو ئەوێت جێ هێشت، هەنگاوت دەناو بۆ خەڵکەکە دەگەڕای، بەڵام کەس دیار نەبوو، دیقەتێکی وردی پەنجەرەو دەرگای ماڵەکانتدا، لە پەنای هەر دیوارو دەرگایەك و ناو پەنجەرەیەك چەندەها لەو زیندەوەرانە ملە تاتکێیان بوو، دیمەنی شەقام و شۆستەو دیوارەکان و بوونی ئەو زیندەوەرانە بەفیلمە بیانیە ترسناکەکان دەچوو.

ئەو ساڵەت هاتەوە یاد کە پاش بارانێکی زۆر کوچەو کۆڵانی گەڕەکەکانی سەر خاسە وردە بۆق و سەرەمێکوتە دایان پۆشیبوو (ئەمە وەرزی سێڵاوی خاسە نیەو ئەم زیندەوەرانەش ئاویی نین، خوایە رەحمێ... ئەی بۆ کەسێ دیار نیە ! بۆ حەشر نەچوبن و بێ ئاگاو بێ خەبەر جێ مابم) شار وشك چوبۆوە، چی مانای سەوزایی بێ نەمابوو، کەوتبونە وێزەی یەك و خەریکبوون لە یەکیان دەخواردوو ورد ورد بە پێش چاوتەوە گەورە دەبوون و خەریکبوون لە قەوارەی خۆیان دەرچن و ببنە دەعبایەکی دیکە (گەر لەوە گەورەتربن لەوانەیە منیش بخۆن) لەم تاوتوێیە بووی لەو سەر کۆڵانەکە چاوت بە یەکێکی وەك خۆت کەوت، بە پریاسکەیەکەوە رێگای دەبڕی و ئاوڕی دواوەی نەدەدایەوە ویستت بانگی بکەی (هۆ کابرا بوەستە منیش لێرەم) بەڵام دەنگت دەرنەدەچوو، شوێن هەنگاوەکانی کەوتی، گەیشتیە پێچی کۆڵانەکە نەمابوو، شتە سەیرەکان لەسەر شۆستەو پاڵ دیوارو ئۆتۆمبێلە بەجێماوەکان و زبڵە کۆمەڵکراوەکانەوە





پەنجەرەی ژورێکی لێڵەوە بە بەیانیەکی ژەنگاویت دەسپێری و بووی بە دەعبایەکی سەیری لەدایك بووی شەوێکی دوورو درێژی پڕ دێوو درنج، کوڕو کچە هەوەسبازەکانی رۆژو جەستە پەرستەکان و خاوەن کورسیەکان لێت دەسڵمێنەوە، چاوت دەپەڕێتە سەر نەمامی نێو ئینجانەی ناو پەنجەرەی خانوەکەی بەرامبەرت، چەند جۆر زیندەوەرێ کەناوییانیش نازانی و لە کتێبی زیندەوەرزانی قوتابخانەشا پێت ئاشنا نەبوون، لەلێبوونەوەی قرتاندنی یەکجارەکی بوون. ئەو دیمەنی زیندەوەرانەو کپ و بێدەنگی شار وەك مۆتەکە دەستیان نایە بینە قاقات، هەستت بە پەنمانی سەری خۆت دەکرد.

چاوێکت بەدیوارو بنمیچی ژوورە بەشێ پەڵە داربووەکەت خشاند، چەند شوێن پێیەکی وردو سەیرت هاتنە بەر دیدە، واقەواقێکی باریك هاتە بەر گوێت، نەتزانی دەنگی واقەی پشیلەیە یاخود گریانی کۆرپەیەك، ویستت ژورەکە جێ بهێڵی و بکەویتە سۆراخی ئەو دەنگە، چوونکە کوروزانەوەیە (دەکرێ کۆرپەیەك بێ و لەنێو باوەشی دایکێکی بێ گیانی زیندەوەر سەر لێ کردوو...) توند سەرت راوەشاندو ویستت ئەو دیمەنە سامناکە لە خەیاڵت تورِدەی، لەناکاو دەنگەکە بڕایەوە، دەرگای ژورەکەت کردەوەو خۆت فرێدایە نێوەندی شەقامە چۆڵ و هۆڵەکە، چاوت چووە سەر دوو جرجی پەنای تەنەکەی خۆڵی بەر دەرکی حەوشەکە، کە نیوەی لەشی بەچکە پشیلەیەکیان لووش دابوو، هەستت بەدڵ

چاوەچاوی رۆیشتنی تۆ بوون، تۆیەکی سەیرو سەمەرە، دەعبایەکی بەهیچیان ناچی، تۆ رێگات دەبڕی و ئەوان گەورەتر دەبوون و بە شتی مەزنتر هەڵدەگەڕان. گەیشتیە لێواری خاسەو گوێت بۆ ووژەیان هەڵخست، کەچەوو بەردی بێ ئاوی خاسەیان داپۆشیبوو، بە پەلە لەو شەقامە دوورکەوتیەوەو بەرەو شەقامە سەرەکیەکە چووی، پاش چەند سەد مەترێ گەیشتیە حەناس فەرمانگەکەت، دەرگاکە لەسەر پشت بوو، خۆت کرد بە ژورا، چوویە ژوری بەرپرسی بەشەکەت، چاویلکەکەی لەسەر مێزەکە جێمابوو، نوشتایتەوە سەر مێزەکەو تەماشایەکی شوێنەکەیت کرد شتێك بە کورسیەکەیا هەڵدەزنا، جوان ورد بویتەوە سەرو سیمای هاورێیەکی خۆت بوو، لەوێش ئۆقرەت نەگرتوو چویە ژووری بەرێوەبەری گشتی، بەرپرسی بەشەکەت لە جەستەی مشکێکا پاڵی دابۆوە سەر کوسیەکەو چاوبڕکێی بوو لەگەڵ ماوسی کۆمپیوتەری سەر مێزەکە، هێڵنجتداو لەترسی رشانەوەو پیس کردنی ژوری بەرێوەبەر دەرپەڕیت و بەنیازی سەر پردەکە هەنگاوتنا، دەرۆیشتی و جەستەکان گەورەتر دەبوون (خوایە ئەمانە چەند دەپەنمێن) دەنگێکت هاتە بەرگوێ (زەمەن زەمەنی هەڵایسانی جەستەکانە، بۆ کوێ دەڕۆی) نەتزانی ئەوە دەنگی کێ بوو، سەرت بادەدا دەنگەکە ببینیەوە، شەمشەمە کوێرەیەك کە سەری بەرێوەبەری گشتی لەخۆنابوو بەسەر سەرتەوە دەهاتوو دەچوو (کێ بەتۆ دەچێ؟ تۆ تەنها شێوەی، تا نەخوراوی بچۆرە





جەستەیەکەوە) ئەمەی وتوو بە کۆڵانە تاریکەکانا بەرەو ژوور هەڵکشا. هەنەی پێ نەچوو لای پردەکە خۆت بینیەوە، بەرەو ئەو بەر کەوتیە رێ، بە تەنیشت ئەو مێزانە گوزەرت کرد کە قورسە سێکسیەکانیان لەسەر دەفرۆشرێت و رێبوارەکان بەلا چاو تەماشایان دەکەن و رویان نایا بیکڕن، نەوەستایت و چەند هەنگاوێك لەولاترەوە چەند زیندەوەرێك لەسەر مێزی چۆڵی ئەو شەهیدەی کە وێنەی سەرکردەو شەهیدەکانی کوردی لێ دەفرۆشت خێسەیان لێ دەکردی، هەستت بە ماندوو بوون و بێ تاقەتی خۆت کرد.

نەدەوەستایت و بە دەورو پشتتا دەتڕوانی، تەواو سام دایگرتی، بە پەلە لە شار دەرچووی، هەوراز سەردەکەوتی، ئەژنۆکانت شل بوبوون رووەو دەنگی سیمفۆنیای تارمایی سەر لوتکەکان دەچووی و ئاوڕت لە پاشی خۆت نەدەدایەوە، لە ئاوسانی جەستەکان دەسڵەمیتەوە، لەبەرزترین لوتکە کە دەستی کەسی نەگاتێ گیرسایتەوە، چاوت بڕیبووە ئەو روحانەی دەتەپینە جەستەکانەوەو وردە وردە دەپەنمان، تۆ لەو بەرزیەوە ئەوان لە قوژبن و بن بەردو تاوێرەکان چیرۆکی سەمەرەیی تۆیان دەگێڕایەوە، لەو بەرزییەوە سنورەکانت وەك هێڵی سەر تەختە رەش دەبینی ، بە هەموو قوژبنێکدا بڵاوو پەرتە بوبوون، خەریك بو هێڵی سنورەکان لەملاو لەولاوە دەر دەپۆقین و پەنمانی جەستەکان دڕیان پێ دەدا، حەوسەڵەت لێ بڕا، ترسی قلیشانی

هێڵەکانت لێ نیشت، رووپەڕی وڵات وەك میزڵدان دەئاوساو پەل و پۆی جەستەکانت لێوە دەبینی، تەماشایەکی پێدەشتی بیابانەکانت کردو دەستەکانت بەرەو ئاسمان بەرز کردەوەو وتت (خوایە لەم کاتی حەپەسانی نیشتمانە چ گێژەڵوکەو رەشەبایەکی عەگوول هێنەر هەڵ نەکات و رووی هەڵایساوی نەوڕوشێنێ، چ خوێنی بە خوێن بە دەست هاتوو هەیە نەڕژێت) . سەرنجێکی دامێنی ئەو بەرزیەی خۆتتدا ، پێ لەرزەیەکی دوور لە ویستی خۆتت پێ کەوت ، نەتزانی چ هێزێ شوێنلەقی کردی ، لە پڕ بەرەو نشێوی دامێنی بەرزیەکە کەوتیە خوارەوە ، بە ئاگا هاتی و تیشکێکی بێ تینی باریکەڵە لە دەلاقەی پەنجەرەکەوە خزابووە نێو نوێنەکەتەوە ، دەنگی منالانی قوتابخانەکەی نزیکت، بە سروودی، خوایە وەتەن ئاواکەی، رۆشناییەکیان خستە دڵە تاریکەکەتەوە .

## قەفەسەکان

روانینت لەو شتانەی دەوریان دابووی جاڕس بوبـوو ، بـۆت نـەبوو یەك بست یاخود چەند خولەکێ لێیان دوور کەویتـەوە ، مـەحکوم بووی بەوەی هەموو ژیانت لەگەڵ شـتە رازاوە بێگبانـەکان ببەیتـە سەر، وا ئێستایش یەك یەك لە شـتەکان دەڕوانـی، چ جوانیـەکیان لێ بەدی ناکەی سـەیرت دێ کـاتێ چـەند مـانگی جارێ یـەکێ لـە کـەس و کـارە نزیکـەکانت سـەر دەکـا بـە ماڵەکـەتا زۆر بـە سـەر سوڕمانەوە دیقەت دەدا ، بێگومانی لەوەی کـە ئیرەییـت پێدەبا، وات هەست دەکرد خودی خۆتیش یـەکێکی لـەو شـتە رازاوانـە بـۆ مێردەکەت ،دڵتەنگی هەراسانی کردوویت ،جریوەی بولبـول هـەڵی دایتە سەر دۆخێکی تـر ، بـیرت بـەوەدا گـڕا کـە ژیـن هـیچ تـام و چـێژێکی نیـە دوور لـەو بوونـەوەرە چـکۆلەیە ، هـەر رۆژێکـت بـێ جریوەی ئەو بکردایەوە ئەوە ئەو رۆژەت لا تاڵ و بێفـەڕ دەبـوو ، هەر لە بەر هەندەش بوو ئەو ماڵی بابەت بـێ قەفەسـێکی بولبـول تێئـاخنراو نـەبوو ، گـەر وا نەبوایـە چ جیاوازیـەکی نـەبوو لەگـەڵ بیابـانێکی لمـاوی ئـەو خـوارە ، کەچـی ئێسـتا خـۆت وە بـەر داد دەدەیـو قـامکی پەشـیمانی دەگـەزی ،بـە تـاك و تـەنێ لـە نێـو





# قەفەسەکان

بچکۆلەیەی تۆ چی پێ هاتبێ ؟دەبێ ئێستە هەست بە دڵۆپە فرمێسکی پەشیمانی چاوەکانم بکەیت و لێم ببوری ؟.
وات هەست دەکرد دەخنکێی دەتوێیتەوە، خۆتت بە باڵندەیەکی درندەی باڵشکاو دەهاتە پێش چاو ، بۆیە لەوە زیاتر بەرگەت نەگرت و پڕ بە ماڵەکەو بەرامبەر بەو قەفەسە تەسك و تروسکە هاوارت دەکرد ، ببورو ، ببورە ، پرمەی گریانێکی بە کوڵ سامێکی گەورەو گرانی خستنە دەورو بەرەکەتەوە ، ئەوەندەت پێکرا تاودەیتە شمەکەکانت و ئەو باڵندە بچکۆلەیە لە مستت بنێیت و بەرەو دەرەوە هەڵبێی، تا هێزت تیا بوو باڵت راوەشاندوو مستت کردەوە ، بە دەم فرمێسك رشتنەوە هەنگاوت هەڵێناو بڕیارتدا جارێکی دیکە خۆت لە قەفەس نەنێیتەوە.





قەفەسێکی مەرمەڕینی مینا بەن تل دەدەی و روبەرووی ئەو گیاندارە ناسکە هەڵتروشکاوی ، سەر زەنشتی خۆت دەکەی ، خۆت دەخۆیەوەو لە ئاوێنەی ژینی خۆتەوە تێی دەنۆڕی ، واتدەزانی جریوەو جوکەو هەڵبەزو دابەزی لە خۆشی ئەو خۆراکە بودەلآنە بوو کە دەتدانێ ، کامەرانی مێردیشت هەر هەندەی تۆی تاوان بەرامبەر بەم ژیانە ئەنجام داوە ، ئەمە هەستتە، ئەمە بۆچەنتە ، چ جیاوازیەك نابینی لە نێوان ئەو دوو تاوانەی هەردوو ئەنجامتان داوە ، وا ئێستا بە هەمان دەردی بەندیەکەی خۆت چووی ، شنەت ، بزەت ، خەندەت ، هەرچی بەهرەیەکیش خوا پێی داوی نابێ لە توێی ئەم دیوارانی ئەم قەفەسەوە دەربێن ، چەند هەوڵ و تەقەلاتە ئەو ژیانە بگۆڕی ، لەو بەندە رزگارت بێت ، غایەلەی چەندەها شتی خراپت دەکرد ، کوشتنی خۆت و چەندەها شتی دیکە بۆ قورتار بوون لەو دۆزەخە ، بۆیە دیسانەوە دەگەڕایتەوەو دەتگووت ئەی ئەبێ ئەو بوونەوەرە چکۆلەیە هەستی چۆن بێ بۆ دەرباز بوون ،چەندت ئۆقرە گرت تا خاوەنەکەت بەزەیی لە دڵە رەشەکەی بجمێ و تەماشایەکی ئاسمان بکات و داوا لە خولقێنەری هەردوکتان بکات کە ببورێ لەو تاوانانەی دەرحەق بە تۆ کردوونی ، کەچی دڵت بوو بە پەنگرو ئەو خواستەت نەهاتە دی ، وات لێکدەدایەوە ئەو پەنگرە دەبێ بە گرکان و هەرچی خۆت و دەورو بەرەکەتە دەکا بە زوخاڵ ، چاو لە بەندیەکەی خۆت دەبڕی و دەڵێی دەبێ ئێستە ئەو دڵە

## چاخ و چین

**دوێنیٚ**

ئـەو ئێـوارە لێڵانـە دەسـت لـە یەخـەم ناکەنـەوە ،وەك و مـادە هۆشـبەرەکان و نیکـۆتین و چـی و چـی خزاونەتـە موولوولـەکانی باوکمـەوە ،ئـەو ئێـوارە چـڵکنانە لـە گـەڵ ئـاوابوونی رۆژدا گـرژو پەسـت و دەمـارگیرم دەکـەن ، وەك و بیمارێـك سسـت و لاواز بـە لێفەوەم دەپێچن و دەمدەنە دەستی خەونێکی نابووت.

باوکم تەنها ئەو زارانە دەناسێتەوە کە بە زاری خـۆی دەچـن ، بـە دیتنی زارە جیاوازەکان دەهری دەبیٚ و دەڵیٚ: سەیرە.. تا ئێستا ئەم زارە جیاوازانە دەتوانن خۆ بنوێنن، دوێنیٚ ئێوارە، لە هەموو ئێوارەکانی تر زیاتر هەراسانی کردم ، بـە یەکـەوە تەماشـای ئـەو کەناڵانەمان دەکـرد کـە پـەنجـەی هەڕەشـە درێـژ دەکـەن و یـەکتر دەکوژێننەوە،

باوکم ددانەکانی لە یەکتر تونـد کـردو جـیڕەی لیٚ هەسـتاندن و بـە سەیرکردنێکی گلەیی ئامێزەوە تەماشایەکی کردم و گوتی: حەیفە ئەم جۆرە زارانە نەبڕێ و فڕێیان نەدەیتە بەر سەگەکانی خاسە .





# چاخ و چین

دوورخاتەوە ، ئارەزووم دەکرد وەك و جاران باوکم لە دوورەوە هاوارم لێ بکات و وەکو منداڵی بێمە لەرزین و بە تاو بەرەو ماڵەوە هەڵبێم، بەڵام بە پێچەوانەوە وا خۆی بە پێشی داوم و داوای لاساریم لێ دەکات ،ئاخ بۆ فریادرەسێ، هەرگیز شار هەندەتێکچرژاوو سامناك و ترسناك نەبووە، تازە من من نیم و لە پێستی خۆم دەرپەڕیوم، لەو باوەڕە نیم کەسێ بمناسێتەوە ، دەست و پلی خوێناوی، دوو چاوی دەرپۆقیو، جەستەیەکی بە ماسولکە خەتخەت بوو ، هەموو شار کەوتبوونە وێزەی یەك، هەنگاوی نارەزاو ناچارم دەناو بیرم دەکردەوە داخوا ئەم هەموو مەردوومە دڕندەیە چۆن چۆن لێك جودا دەکرێنەوە، جگە لە دەستێکی خوایی چ دەستێکی دیکە ئەو توانایەی لێ بەدی دەکرێ؟ کەژاوەو کاروانی ئێمە گەیشتبووە حەناس قەڵا، ئەو قەڵایەی چین چینەو هەر چینێکی ژێرەوە سراوەو پلیشاوەی ژێر زەبری شمشێرو دەبانی چینی سەروترێتی، ئەو چینە هی فلان چاخەو ئەو ی دیکە هی ئەو چاخەکە، چین و چاخ، چاخ و چین، نەعرەتەی چینێك و ناڵینی چینێکی دیکە، نەمدەزانی من نەعرەتەم یان ناڵین، نەعرەتە ، ناڵە، چین و چاخ ، ئای لەم زاراوە قێزەونانە . ئای لەم فەرهەنگە بە تەمەنە، چ نەمروودێکە، دەستە خواییەکە کوا؟ بۆ نایا؟ نەعرەتەی بەرزی لە کوێیە؟ .





ئەو تەماشاکردنەی خورپەی بە دڵم هێنا ،لە بەر خۆمەوە گوتم : تۆ بڵێی داوای ئەنجامدانی کارێکی وام لێ بکات ؟.

هەندێ قسەی پچڕ پچڕی شاتوپاتم دا بە سەر یەکا، کە کەسمان سەرمان لێ دەر نەکرد ، یەك دوو ئاژاژگمداو بە نیازی دەرباز بوون ئەو ژوورەم جێ هێشت کە تیایدا هەستم بە زەبوونیو زەلیلی خۆم دەکرد ، بەڵام لە راستیدا ئەوە هیچ دەرباز بوونێك نەبوو ، لە نێوجەرگەی خەودا، تاڵی و ترشی ئەو ئێوارە بێزارکەرە لێوەم ئاڵاو فرێی دامە نێو شەقامە تەنگەبەرەکانی شارەوە کە لە جاران تەنگتر دەهاتنە پێش چاو.

ئەو دەبانەی دەیان ساڵە لە سوچێکی ژورەکەی باوکمدا هەڵواسراوە، لە نێو مستمدا دەم و دەنوکی دەبریسکانەیەوەو لە گەڵ رەنگی ئەو خوێنە کە هەر لە نوکیەوە تاکو پەنجەکانم و هەندێ لە مەچەکمیشی رەنگ کردبوو، خەرمانەیان بە دەستی راستمدا دابوو ، دەتوت کەژاوەیەکەو بە دووی کەوتووم ، کەسێ لەملام، کەسێ لەولام، تا چاو بڕی دەکرد خەڵك بوون و بە دووی کەژاوەیەکی سوورەوە هەنگاویان دەناو لە زارە جیاوازەکان دەگەڕان،جار جار توشیان بە تووشی یەکەوە دەبوو و دەکەوتنە داپاچینی زاری یەکتر ، من بە دیتنی ئەو ڕەفتارانە هێڵنجم دەداو زیاتر دەشڵەژام، هەردەم چاوە چاوی خۆ دزینەوەو خۆ مەڵاسدانم بوو، لە دەرفەتێ دەگەڕام خۆم لەو ئازارچەشتنە دەرباز بکەم،لە دەستێ دەگەڕام پەلم بگرێت و لەو ناوەم

چاخ چاخی بە پرد بوونە ،خۆم و هاوزاکانم هەندێ خوارترو هەندێ بالآتریش، بووین بە پردو واین لە جەستەی پرد، پرد، یان بۆ گەیاندنە، یان بۆ دەرخستنی دوو دیوی نا ئاشنا بە یەك.

چ نەبێ ئەمڕۆو لە میانەی هاوزاکانم، لە پرد زیاتر چی دیکە نابینم ، بەیانیان کە چاو دەکەمەوە، دەبینم منداڵەکەم بە دیار چاوکردنەوەم چاوەڕوانە، ئێواران پێش چاو نوقان و پێش نوستنم، بەرامبەر باوکم دادەنیشم.

من لە نێوان بەیانیانی منداڵەکەم و ئێوارانی باوکم، دەبمە پردێکی بێ مێشك و بێ وازو کەڕو کوێرو نەبزووت، دایکم و هاوسەرەکەم و ژنە دراوسێکەمان بە دەم شلّپە شلّپی ئاوی دەستیانەوە چاوە چاوی هیممەتی منن، لەم نێوەندەدا سەنگ بە کاملا دەشکێنمەوە، منیش سەر دێنم و سەر دەبەم، نازانم چی بکەم، نەدەتوانم بە بەیانیانی منداڵەکەم بولێڵی باوکم روناك کەمەوەو نە بە ئێوارانی باوکم بەیانیانە ئاسوودەکانی منداڵەکەم لێڵ و نارەحەت بکەم ، ناچارم ئەم حاڵەتی بە پرد بوونە قبووڵ بکەم و بێ چرکەو بێ سرتە، بێ ورتەو بێ ئاگادارکردنەوەیان لە یەك، یە کێکیان بەرەو چوونی بۆ تاریکی و ئەوی دییان بۆ پێشوازی لە رۆژێکی نوێ جێ بهێڵم و لە جێی خۆم وەك و قوربانییەکی شایستە ورد ورد رۆحم بتکێتە چەمێکی لێك ترێزێنەری دوو دیو، کێ دەزانێ هەندێ رۆح دەبن بە پرد؟.





# ئەمڕۆ

ئەمڕۆ

## سبەی

کۆمەڵێ لە پیاوانی سبەینێ شاریان تەنی، بەرزییان بەری ئاسمانی لێ گرتین و ئێمەیان لە سێبەری خۆیان سارد دەکردەوە، لە ئاستی ئەژنۆیانا چوون زیندەوەری گچکە، گچکە، ترسی پلیشانەوە دایگرتبووین، باوکەکان لە ئاستی منداڵە زەبەلاحەکانیان شەرمەزار بوبوون، بە دەستە چکۆلەکانیان هەڵیانگرتین و بە بڤە بڤە هەموو چەك و تفاقەکانیان لێ ستاندین، ئەو منداڵەی بەیانیان بە دیار چاو کردنەوەم دادەنیشت، دەستی گرتم و بەرەو ماڵەوەی دەبردم، هەموو منداڵە پیاوەکانی سبەینێ باوکەکانیان لەو شوێنە دوور





# سبەی

دەخستەوە، منالە زار جیاوازەکان ئارام و هێمن بە یەك ڕیزو یەك ئاست باوکە گچکەکانیان دەپاراست، ترسی ئەوەیان لێ نیشتبوو تووشی گرفتی گەورەیان بکەن، منداڵە مەزنەکان پەلەیان بوو، وەك و ئەو پەلە پەلەی کە باپیرەکان بە باوکەکانیان دەکرد لە کاتی سەرماو سۆڵەی وەرزی زستان.

ئێمە هاوجووتی پیاوەکانی سبەی دەچوین و ئاسمانی گۆڕەپانی شەڕی زار بڕین، وردە، وردە، تاریك دادەهات، سەیری پاشەوەی خۆمان دەکرد و باپیرەکانمان دەدی کە چۆن خەریکە لە چاخێکی بەسەرچوو، ون دەبن، من دەمویست بگەڕێمەوەو باپیرەی منداڵەکەم پەژیوان کەمەوە و قورتاریکەم، بەڵام ئامبازی باسکی بەهێزی دەستە چکۆلەکانی منداڵەکەم نەدەبووم، خۆم رادەپسکاند و تەقەلام دەکرد، دەستەکانی نایە سەر هەردوو شانم و توند رایوەشاندم، لەو خەوە سامناکەی بە ئاگا هێنام.

هەر وەکو هەموو بەیانیەك منداڵەکەم لەلای سەرمەوە بەدیار چاوکردنەوەم دانیشتبوو، بە چاوی کراوەی سوپاسگوزاریەوە تێمڕوانی.

پاش تۆزێك لێی پرسیم:

ـ بابە 2012 چیە؟

هەناسەیەکی ئاسوودەییم هەڵکێشاو گوتم:





ـ 2012 کۆتایی چاخی سڕینەوە و گەورەبوونی تۆیە.

**ئەو کتێب و بڵاوکراوانەی لقی کەرکووکی یەکێتی نووسەرانی کورد پاش کۆنفرانسی ئازادی بەچاپی گەیاندوون جگە لە گۆڤاری گزنگ کە بەردەوام مانگانە دەردەچێت**

| ز | ناوی کتێب | بابەت | نووسەر | وەرگێڕ | ساڵ |
|---|---|---|---|---|---|
| 108 | خوێندنەوەی چەند دەقێکی ئەدەبی و فیکری | خوێندنەوە | سامان محەمەد | | 2010 |
| 109 | هەرمێیەکانی فیرعەون | شیعر | ئەحمەدی مەلا | | 2010 |
| 110 | تەونێك لە شیعر و وشە | لێکۆڵینەوەی ئەدەبی | مەحمود نەجمەدین | | 2011 |
| 111 | 111 نامەی سۆزداری | تێکستی دڵداری | کۆکردنەوە و ئامادەکردنی : حەمە سەعید زەنگنە | | 2011 |
| 112 | دانای کوێخا شەوکەت | ڕۆمان | موعتەسەم ساڵەیی | | 2011 |
| 113 | سەمای روح | کورتە چیرۆك | نەوزاد یوسف کاکەیی | | 2011 |